گـۆڤـاری زانـکـۆی راپـەریـن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
https://doi.org/10.26750/3ej49z07

رێـکەوتـی وەرگـرتـن: ٢٠٢٥/٠٤/١٠
رێکەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢٥/٠٧/٢٤
رێکەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٥/١٢/٢٩

# کاریگەریی ستراتیژێکی پێشنیازکراو لەسەر بەدەستهێنانی چەمکە ڕێزمانییەکان لەبابەتی ڕێزمانی کوردی لای قوتابیانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی و ئاڕاستەیان دەربارەی بابەتەکە.

**کارزان عمر فرخە[1] - جوانە احمد حمەحسێن[2] - کارزان محمد عارف[3]**

karzan.omer.f@gmail.com karzan.arif@univsul.edu.iq jwana.husen@univsul.edu.iq

[1+2+3]بەشی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە:**

ئامانجی توێژینەوەکە زانینی کاریگەری ستراتیژێکی پێشنیازکراو لەسەر بەدەستهێنانی چەمکە ڕێزمانییەکان لەبابەتی ڕێزمانی کوردی لای قوتابیانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی و ئاڕاستەیان دەربارەی بابەتەکە. بۆ گەیشتن بەو ئامانجە توێژەر دیزاینێکی ئەزمونی گرتەبەر لەگەڵ گروپەکانی ئەزمونی و کۆنترۆڵکراو.

نمونەی توێژینەوەکە پێکهاتبو لە (٤٢) خوێندکار، پاش هاوتاکردنیان لە گۆڕاوەکانی (نمرەی بابەتی زمانی کوردی ساڵی پێشو، تەمەن، ئاستی زیرەکی، زانیاری پێشو و ڕادەی خوێندەواری دایک و باوک) کە بەشێوەی هەڕەمەکی هەڵبژێردران بۆ دو گروپی ئەزمونی (٢١) خوێندکار، کە وانەیان پشت بەست بە ستراتیژی پێشنیازکراو دەخوێند، گروپی کۆنترۆڵکراو (٢١) خوێندکار، بە ڕێگای ئاسایی، پاشان توێژەر هەستا بە ئامادەکردنی تاقیکردنەوەیەک لەسەر بەدەستهێنانی چەمکە ڕێزمانییەکان، کە پێکهاتبو لە (٢٥) برگە لە جۆری (هەڵبژاردن) بەپێی خشتەی تایبەتمەند، هەروەها ئامادەکردنی پێوەرێک بۆ ئاڕاستەیان بەرەو بابەتی خوێندن کە پێکهاتبو لە ( ٣٥) برگە، بۆ دڵنیابون لەڕاستێتی ئامرازەکان خرایە بەردەست کۆمەڵێک لەشارەزایان و پسپۆران، سەرجەم برگەکانی تاقیکردنەوەکە و پێوەری ئاراستە پەسەند کرا، پاشان بۆ دڵنیابون لە جێگیری ئامرازەکان شێوازی (Test re Test) بەکارهێنا لەسەر گروپێکی خوێندکاران لە هەمان قۆناغ کە (٨٨) خوێندکاربون لە دوکاتی جیاوازدا دۆزرایەوە و بەهای جێگیری هەریەک لە دو پێوانکارەکە لە (0,72) بەرزتربو، ئەو ئامرازە ئامارییانەی لە توێژینەوەکە بەکارهێنرا، تاقی کردنەوەی (ت) (t-Test) و هاوکێشەی پەیوەندی (پێرسۆن)، دوجای ئیتا (Eta-square)، کۆهن (d) بۆ قەبارەی کاریگەری، هاوکۆلکەی (کا[2]). توێژەر گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە جیاوازی ئاماری بەڵگەداری لە نێوان هەریەک لە گروپی ئەزمونی و کۆنترۆڵکراو، هەیە لە بەرژەوەندی گروپی ئەزمونییە لە بەدەستهێنانی چەمکە ڕێزمانییەکان و پێوەری ئاراستەیان بەرەو بابەتەکە.

**کلیلە وشەکان:** کاریگەریی، ستراتیژی پێشنیازکراو، بەدەستهێنان، چەمکە ڕێزمانییەکان، ئاڕاستە.

# The Effectiveness of A Proposed Strategy on The Acquisition of Grammatical Concepts in Kurdish Grammar Subject Amongst Eighth-Grade Elementary Students and Their Perceptions Toward the Subject.

Karzan Omar Farkha[1] Jawana Ahmad Hama Hussein[2] - Karzan Mohammed Arif [3]

[1+2+3]Department of Kurdish Language, College of Primary Education, Sulaimani University, Sulaimani, Kurdistan Region, Iraq.

## Abstract

The aim of this research is to evaluate the effects of a suggested strategy on the understanding of grammatical concepts in Kurdish grammar among eighth-grade elementary students, as well as their perceptions of the subject. To achieve this aim, an experimental design was employed that included both experimental and control groups.

The research sample comprised 42 students. Following the alignment of variables (previous year's Kurdish language subject grade, age, intelligence level, prior knowledge, and parental education level), participants were randomly assigned to two groups: an experimental group comprising 21 students instructed using the proposed strategy, and a control group of 21 students taught via traditional methods. The researcher subsequently developed a test for the acquisition of grammatical concepts comprising 25 multiple-choice items based on a specification table, and also created an attitude scale for the reading subject consisting of 35 items.

The instruments were submitted to a panel of experts for validation. All test and attitude scale items received approval. To evaluate the reliability of the instruments, the (Test Re-Test) method was employed on a cohort of 88 students at the same academic level, conducted at two distinct intervals. The reliability coefficient for each measure exceeded 0.72.

The research employed the following statistical tools: t-Test, Pearson correlation coefficient, Eta-square, Cohen's (d) for effect size, and Chi-square ($\chi^2$). The study concluded that a statistically significant difference exists between the experimental and control groups, with the experimental group providing better outcomes in acquiring grammatical concepts and a more positive attitude toward the subject.

**Keywords:** Effectiveness, Proposed Strategy, Acquisition, Grammar Concepts, Direction, Eighth Grade Students.

## بەشی یەکەم

### کێشەی توێژینەوەکە

توێژەر هەستی کرد، کە کێشەیەک هەیە لەبەدەستهێنانی چەمکە ڕێزمانییەکان لەلای قوتابییان بەگشتی و قوتابییانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی بەتایبەتی، بەهۆی بەکارهێنانی ڕێگا و شێوازە باوەکانی وانەوتنەوە لەلایەن بەشێک مامۆستایانەوە.
لاوازی بەدەستهێنانی چەمکە ڕێزمانییەکان لە بابەتی ڕێزمانی کوردی دەگەڕێتەوە بۆ بەکارهێنانی ڕێگا کلاسیکییەکانی وانەوتنەوە لەلایەن بەشێک لە مامۆستایان لەقوتابخانەکاندا، ئەوەش حەزو ئارەزویان بۆ بابەتەکانی خوێندن بەگشتی و بابەتی ڕێزمان بەتایبەتی کەم دەکاتەوە. (مصطفى, ٢٠٢٣، ١) ستراتیژو ڕێگا مۆدێرنەکانی وانەتنەوە ئامانجیان فێربون و بەدەستهێنانی چەمکەکانە بەشێوەیەکی دروست، لەڕێگەی هەڵبژاردنی ڕێگایەکی وانەوتنەوە، کە لەگەڵ تواناو ئارەزو و

ئەزمونەکانی پێشوی قوتابیان بگونجێت. (عبید ٢٠٠١, ٢٤). زۆرێک لە لێکۆڵینەوە زانستییەکان دیاردەی لاوازی قوتابییان لە بەدەستهێنانی چەمکە ڕێزمانییەکاندا پشتڕاستکردۆتەوە، وەک: لێکۆڵینەوەکانی (رضا والشمري، ١٩٩٩)، (التميمي، ٢٠٠٥)، (الموسوي، ٢٠٠٩)، ( المنشداوي، ٢٠١٤)، (نامق، ٢٠٢٢)، (مۆلی، ٢٠٢٣).

پرۆسەی فێرکردن و فێربونی نوێ جەخت لەسەر گرنگی بەدەستهێنانی چەمکەکان دەکاتەوە، کە بەشێک لە مامۆستایان درک بەو گرنگییە ناکەن، یان پلانی پێشوەختەیان بۆ ستراتیژی وانەوتنەوە لەبەردەست نییە، بۆ ئەوەی لە فێرکردنی چەمکەکان بەکاریبهێنێت، ئەمەش وایکردوە جوڵەکانی هەرەمەکی بێت و ببێتە هۆی ئەوەی قوتابیانیش بەشێوەیەکی هەرەمەکی چەمکەکان بەدەستبهێنن. (مۆلی ٢٠٢٣, ٢).

توێژەر کێشەی توێژینەوەکەی بەشێوەی پرسیار خستەڕو بەم شێوەیە:

- ئایا بەکارهێنانی ستراتیژێکی پێشنیازکراو، کاریگەری دەبێت لەسەر بەدەستهێنانی چەمکە ڕێزمانییەکان لای قوتابیانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی؟
- ئایا بەکارهێنانی ستراتیژێکی پێشنیازکراو کاریگەری دەبێت لەسەر ئاڕاستەی قوتابیان بەرەو بابەتی ڕێزمانی کوردی؟

## گرنگی توێژینەوەکە

پرسی پەروەردە بەهۆکاری یەکەم لەزانستی پەرەپێدان دادەنرێت، کەواتە پرسێکی ڕونەو ئامانجەکەی بریتییە لە گەشەپێدانی بیرکردنەوە و بەدەستهێنانی چەمک و پرەنسیپەکان، ئامانجە سەرەکییەکەی پەروەردەو پێگەیاندنی نەوەیەکە، کە بتوانێ بیرکردنەوەی داهێنەرانەبێت و تێڕوانینێکی ئەرێنییانەی بۆ ژیان هەبێت (زیتون١ ٢٠٠٩, ١٣٠). بەگشتی ستراتیژە نوێیەکانی وانەوتنەوە جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، کە دەبێت خوێندکار تەوەری سەرەکی و چەقی چالاکییە فێرکارییەکان بێت لە پرۆسەی فێربوندا، ئەگەرنا وانەوتنەوە نابێتە پرۆسەیەکی کاراو بەرهەمهێنەر و ئامانجە خوازراوەکان لە ئاستی ویستراودا بەدەست ناهێنێت، بۆیە باشتر وایە مامۆستایان لەکاتی وانەوتنەوەدا ئەو ستراتیژو ڕێگاو شێوازو تەکنیکە کارایانە بەکاربهێنن، کە تیایدا ڕۆڵ بدرێت بە قوتابیان بۆ ئەوەی کارابن و ئامانجە ویستراو و پەروەردەییەکان بەدیبهێنرێن. (مصطفى ٢٠٢٣, ٣) وانەوتنەوە پرۆسەیەکی گشتییە، هەمو لایەنەکانی کەسایەتی و ژیری و دەرونی بەشداره، ئەمەش بەندە بە چالاکی مامۆستاو ڕێگا و شێوازی وانەوتنەوە، بەڵام لەناو ئەو هەمو ڕێگایانەی وانەوتنەوەدا هەڵبرژاردنی ڕێگایەک تارادەیەک ئارەزومەندانە نییە، بەڵکو دەبێت لەگەڵ لایەنی سایکۆلۆجی و لێکۆڵینەوە پەروەردەییەکان بگونجێت (محمود ٢٠١٠, ٢٩٠)

توێژەر گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەم خاڵانەی خوارەوەدا دەخاتەڕو:

١- دەکرێت ببێتە دەروازەو سەرەتایەک بۆ ئاوڕدانەوەی زیاتر لەم بوارەو بەئەنجام گەیاندنی توێژینەوەی دیکە، هەروەها وەک سەرچاوەیەکیش سود لەم ستراتیژە وەردەگیرێت بۆ قۆناغ و بابەتی دیکە، هەروەها گرنگە بۆ پسپۆڕانی بواری ڕێگاکانی وانەوتنەوەی کوردی بە بەکارهێنان و سود وەرگرتن لە بواری وانەوتنەوەدا، ئەگەر ئەنجامێکی ئەرێنی هەبو لەئاستی بەدەستهێنانی چەمکەکان و دەستکەوتی خوێندن لای قوتابیان بەهۆی بەرزکردنەوەی ئاستی دەستکەوتی خوێندنیان و ئاڕاستەکردنیان بەرەو بابەتەکە.

٢- توێژەر هەوڵی دەستنیشانکردنی کەموکوڕییەکانی داوە، بەتایبەت گرفتەکانی بەکارهێنان و جێ بەجێکردنی ستراتیژەکە لەسەر ئاڕاستەکردنی قوتابیان بەرەو بابەتی ڕیزمانی کوردی و بەئامانجی گەشەپێدان و بەدەستهێنانی چەمکە ڕێزمانییەکانی بابەتی هەڵبژێردراو بۆ توێژینەوەکە.

٣- ئەم توێژینەوەیە یارمەتی سەرپەرشتیاران و مامۆستایان و مامۆستای ڕاهێنەر دەدات، بۆ جێبەجێکردن و بەکارهێنانی (ستراتیژی پێشنیازکراو)، بەمەبەستی بەدەستهێنانی چەمکە ڕێزمانییەکان و ئاڕاستەکردنی قوتابیان بەرەو بابەتی ڕێزمانی کوردی، بەو پێیەی یارمەتی قوتابیان دەدات بۆ بیرهێنانەوە و وەرگرتنەوەی زانیاری و پەرە بە ئاڕاستە ئەرێنییەکانی قوتابیان دەدات لە بابەتی ڕێزمانی کوردیدا. مۆدێلێکی نوێ دەدات بە مامۆستایانی بابەتی زمانی کوردی بە بەکارهێنانی ئەم ستراتیژە بۆ وتنەوەی بابەتی ڕێزمانی کوردی.

٤- ڕێگا لەبەردەم توێژەران دەکاتەوە، بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەی زیاتر بە پێشنیازکردنی (ستراتیژو مۆدێل و ڕێگاکانی وانەوتنەوە) و گەڕان بەدوای ستراتیژو ڕێگای زیاتر بۆ وانەوتنەوە.

**ئامانجی توێژینەوەکە**

ئامانجی سەرەکی توێژەر لە ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە بریتییەلە:

١- زانینی کاریگەری بەکارهێنانی ستراتیژێکی پێشنیازکراو لەسەر بەدەستهێنانی چەمکە ڕێزمانییەکان لای قوتابییانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لەبابەتی ڕێزمانی کوردی بەراورد بە ڕێگا ئاساییەکە لە وتنەوەی هەمان بابەت.

٢- زانینی کاریگەری بەکارهێنانی ستراتیژێکی پێشنیازکراو لەسەر ئاڕاستەی قوتابییانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی بەرامبەر بابەتی خوێندنی ڕێزمانی کوردی بەراورد بە ڕێگا ئاساییەکە لە وتنەوەی هەمان بابەت.

**گریمانەی توێژینەوەکە**

لەژێر ڕۆشنایی ئامانجەکانی توێژینەوەکە توێژەر هەوڵیداوە ئەم گریمانانەی خوارەوە پشتڕاست بکاتەوە:-

١- جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی (٠,٠٥) نییە لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی (جیاوازی نمرەکانی هەردو تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی) لە بەدەستهێنانی چەمکە ڕێزمانییەکان لە نێوان گروپی ئەزمونی، کە وانەکان پشت بەست بە ستراتیژی پێشنیازکراو دەخوێنن و گروپی کۆنترۆڵکراو کە وانەکان بەڕێگای ئاسایی دەخوێنن.

٢- جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی (٠,٠٥) نییە لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی (جیاوازی نمرەکانی هەردو تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی) لەسەر پێوەری ئاراستە بەرامبەر بابەتی ڕێزمانی کوردی لە نێوان گروپی ئەزمونی، کە وانەکان پشت بەست بە ستراتیژی پێشنیازکراو دەخوێنن و گروپی کۆنترۆڵکراو کە وانەکان بەڕێگای ئاسایی دەخوێنن.

**سنوری توێژینەوەکە**

سنوری توێژینەوەکە لەمانەی خوارەوە پێکدێت:

**١-٥-١- سنوری مرۆیی:**

قوتابییانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لە قوتابخانە بنەڕەتییەکانی شاری ڕانیە لە سنوری بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی ڕانیە.

**١-٥-٢- سنوری بابەت:**

سەرجەم بابەتە ڕێزمانییەکانی وەرزی دوەمی پەرتوکی زمان و ئەدەبی کوردی، چاپی یەکەم بۆ ساڵی (٢٠٢٤).

**١-٥-٣- سنوری شوێن:**

قوتابخانەی (ڕێگا)ی بنەڕەتی لە ناوەندی شاری ڕانیە، لەسنوری بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی ڕانیە.

**١-٥-٤- سنوری کات:**

وەرزی دوەمی ساڵی خوێندنی ( ٢٠٢٤ – ٢٠٢٥) لە ڕێکەوتی (٤ / ٢ / ٢٠٢٥ بۆ ٢٤/ ٤ / ٢٠٢٥)

**پێناسەی زاراوەکان**

**کاریگەریی:**

**(شحاتة و النجار، ٢٠٠٣)** بەم شێوەیە پێناسەیان کردوە: " بریتییە لە خستنەڕوی ڕادەی کاریگەریی گۆڕاوێکی سەربەخۆ لەسەر گۆڕاوێکی پاشکۆ یان چەند گۆڕاوێک" (شحاتە و زینب ٢٠٠٣, ٢٣٠).

**پێناسەی ڕێکاری توێژەر بۆ کاریگەریی:** بریتییەلە بڕی کاریگەریی چاوەڕوانکراو لەبەکارهێنانی ستراتیژێکی پێشنیازکراو لەسەر هەردو گۆڕاوی پاشکۆ بۆ بەدەستهێنانی چەمکە ڕێزمانییەکان و ئاڕاستەی قوتابیانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی بەرەو بابەتی ڕێزمانی کوردی.

**ستراتیژ:**

(الحريرى، ٢٠٠٧) ئاوا پێناسەی دەکات " ستراتیژ وەک پلانێکی سەرکردایەتی ڕون یان کۆمەڵە پلانێک پێناسە دەکات، کە ئەرکی ڕێکخراوەکە دەخاتەڕو ئامانج و ئامانجەکانی دیاری دەکات". (الحريري ٢٠٠٧, ١٠٠).

**پێناسەی ڕێکاری توێژەر بۆ ستراتیژ:** بریتییە لەهەمو ئەو پلان و بەرنامەو ڕێگاو ڕێکارییانەی، کە مامۆستا دەیگرێتەبەر لە ماوەی وەرزێک، چەند وانەیەک، یان وانەیەک و دەستنیشاکردنی ئەو فاکتەرانەی کاریگەرییان هەیە لەسەر وانەکە، بەمەبەستی بەدیهێنانی ئەو ئامانجانەی کەپلانی بۆ دانراوە لەکاتی پرۆسەی فێرکردندا. بەواتایەکی تر ئەو ڕێکارو پرۆسەو چالاکی و ئامرازانەن، کەیارمەتی پەروەردەکار (مامۆستا) دەدات لەپرۆسەی فێربوندا بەکاریان بهێنێت.

**ستراتیژی پێشنیازکراو:**

کۆمەڵێک ڕێکارو هەنگاوی ڕیکخراوە، کە پێویستی بە ڕێکخستن و بەشداریکردنی ئەرێنی هەیە، لە بەدەستهێنانی چەمکە ڕێزمانییەکان بۆ قوتابیانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی، کە لە چوار قۆناغ پێک دێت، کەبریتین لە: (تێڕامان و بیرکردنەوە، خستنەڕو و داڕشتنەوەی چەمکەکان، دەستنیشانکردنی ڕێساکان و جێبەجێکردنی، هەڵسەنگاندن و فیدباک)، کە توێژەر لەمیانەی توێژینەوەکەی جێبەجێی دەکات و دروستکردنی پاڵنەری بەدەستهێنان لای قوتابییان.

بەدەستهێنان:

**(الكريطى، ٢٠٠٥)** بەم شێوەیە پێناسەی بەدەستهێنان دەکات: " توانای خوێندکاران بۆ بیرهێنانەوەو تێگەیشتن و بەکارهێنانی چەمکەکان و بەراوردکردنیان لەگەڵ ئاستی پەسندکراوی پەروەردەیی". (الكريطي ٢٠٠٥, ١٥).

**پێناسەی ڕێکاری توێژەر بۆ بەدەستهێنان:** بریتییە لە بەرزکردنەوەی تواناو کارامەیی خوێندکاران لەسەر بەدەستهێنانی چەمکە ڕێزمانییەکان، پەسندکردنی چەمکە دروستەکان و ڕاستکردنەوەی چەمکە هەڵەکان بە بەکارهێنانی ستراتیژی پێشنیازکراو بۆ قوتابییانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لە بابەتی ڕێزمانی کوردی.

**چەمکە ڕێزمانییەکان:**

**(البحراوي، ١٩٩٨)** بەم شێوەیە پێناسەی کردوە: " وێنەی ئەقڵی تاکە بۆ زاراوەی ڕێزمانی وێنای دەکات، کە پەیوەندی بەو زاراوەیەوە هەیە لە ڕوی سیما جیاکەرەوەکانی، هەروەها ڕێسایەك ئەو سیمایانە ڕێکدەخات ". (البحراوي ١٩٩٨, ٢٤)

**پێناسەی ڕێکاری توێژەر بۆ چەمکە ریزمانیەکان:** بریتییە لە وێنە ئەبستراکتەکانی وشەو زاراواکانی چەمکە ڕێزمانییەکان و چەسپاندنیان لەهزری قوتابییان بە جێبەجێکردنی ستراتیژی پێشنیازکراو بەمەبەستی بەدیهێنانی ئامانجە ویستراوەکان و ئاڕاستە ئەرێنەیەکانی قوتابییان بەرامبەر بە چەمکە دیاریکراوەکان.

**ئاڕاستە:**

پێناسەی **(Allport،١٩٣٥)** بەم شێوەیە:

"دۆخێکی دەرونی و دەمارەیی ئامادەیە، لە ڕێگەی ئەزمونەوە ڕێکخراوە، کاریگەرییەکی دینامیکی دەخاتە سەر وەڵامی تاک بۆ هەمو ئەو شت و بارودۆخانەی کە پەیوەندییان پێوە هەیە". (Allport 1935, 798) .

**پێناسەی ڕێکاری توێژەر بۆ ئاڕاستە:** بریتییە لە هەڵوێستێکی دەرونی و دەماری چاوەڕوانکراوی قوتابیانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی بەرەو بابەتی ڕێزمانی کوردی وەڵامدانەوە ئەرێنی و نەرێنییەکانیان، لە ئەنجامی تێپەڕبونیان بەستراتیژی پێشنیازکراو و ئاڕاستەکردنیان بەرەو بابەتی ڕێزمانی کوردی.

## بەشی دوەم: چوارچێوەی تیۆری و توێژینەوەکانی پێشو

### چەمکی فێربونی چالاک

چەمکی فێربونی چالاک ڕیبازێکی نوێی فێرکردنە، کە بریتییە لە بەشداریکردنی ڕاستەوخۆی قوتابییان لە پرۆسەی فێربون لە ڕێگەی چالاکی و ئەزمونەکانەوە، کە پێویستییان بەبەشداری چالاکانە هەیە، بە پێچەوانەی شێوازە ئاساییەکان و بنەماکانی، کە قوتابییان بەشێوەیەکی پاسیف (ناچالاک) زانیار وەردەگرن، هەروەها فێربونی چالاک هاندەری کارلێککردن و هاوکاری و بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە دەبێت و پشت بە ئەرێنی بونی فێرخواز لەهەڵوێستی فێرکردن و فێربون دەبەستێت، ئەمەش ژمارەیەکی زۆر ڕێکاری وانەوتنەوە و پێرەوی پەروەردەیی لەخۆدەگرێت، ڕۆڵی مامۆستا کارا دەکات، فێرخوازان لە فێربونی چالاکدا پشت بە مەعریفەو زانیارییەکانی خۆیان دەبەستن. (قادر ۲۰۲۳, ٤۹).

### گرنگی فێربونی چالاک

١- فێرخوازان هاندەدات بۆ فێربونی قوڵ، نەک تەنها بەدەستهێنانی حەقیقەت و ڕاستییەکان.

٢- ڕێگا بەفێرخوازان دەدات بەشێوەی هەرەوەزی و گروپ لەسەر پرس و بابەتە ئاڵۆزەکان کاربکەن.

٣- وادەکات فێربون زیاتر چێژبەخش و شادی هێنەر بێت. (قادر ۲۰۲۳, ٥١-٥٢).

### ستراتیژەکانی فێربونی چالاک

فێربون کاتێک چالاک دەبێت و ئامانجە خوازراوەکانی پەروەردە بەدەستدەهێنێت، ئەگەر ڕێگاو شێوازو ستراتیژی وانەوتنەوەی جۆراوجۆر بەکاربهێنرێت. هەر ستراتیژو شیوازێک پێش ئەوەی مامۆستا بەکاربیهێنێت، پێویستی بەئامادەکاری و ڕێکخستنی هەنگاوەکانی جیبەجێکردن هەیە لەلایەن مامۆستاوە، بەمەبەستی دڵنیابونەوە لە گونجاوی و سەرکەوتنی. (مصطفى ۲۰۲۳, ۲٥). لەبەرئەوەی قوتابییان جیاوازی تاکایەتی لەنێوانیاندا هەیە، کەواتە تەنها شێوازێک یان ستراتیژێک ناتوانێ هەمو ئامانجە خوازراوەکانی فێربون لای قوتابییان بەدیبهێنێت، بۆیە پێویستە ئەم شێوازانە هەمەچەشن بکرێن، بۆئەوەی لەگەڵ جیاوازی تاکایەتی قوتابییان و سروشتی بابەتەکەدا بگونجێت. (سعادة و واخرون ۲۰۱۱, ۱۳۳).

### تیۆری بونیادگەرایی

بیرۆکەی تیۆری بونیادگەرایی دەگەڕێتەوە بۆ ( سوقرات و ئەفلاتون و ئەرستۆ)، کە دەرخەری ئەوەیە تیۆرێکی نوێیە، بەڵام ئەوەی گرنگە ئەوەیە هەمویان باس لە دروستبونی مەعریفە دەکەن. ئەم تیۆرە زیاتر بایەخ بەپرۆسە مەعریفییە ناوەکییەکانی قوتابییان دەدات، بڕوای وایە کە هەمو قوتابیەک ڕێگاو شێوازو تایبەتمەندی خۆی هەیە، بۆ تێگەیشتن لە چەمکەکان. (البرزنجي ۲۰۲۲, ٤۰). تیۆری بونیادگەری لەسەرەتایی سەدەی بیستەمی زایینیدا، لەزانستە سروشتییە جۆراوجۆرەکاندا دەرکەوتوە، بەڵام تایبەتمەندی لەبواری پەروەردەو دەروونناسیدا لە کۆتایی ئەم سەدەیەدا دەرکەوتوە، لەسەردەستی زانای سویسرِی ( جان پیاجیە) Jan Piajet کە یەکەم کەس بو ڕێبازی بونیاتگەرایی لە فێرکردندا جێبەجێکردوە. (النجدي و اخرون ۲۰۰٥, ۳٤)

### ئەو تیۆرانەی کە بونیادگەرایی لەسەریان بونیادنراوە

تیۆری بونیادگەرایی لەڕوی پرەنسیپ پشت بە چوار تیۆر دەبەستێت کەبریتین لە:

١- (تیۆری ژان پیاژێ) تیۆری فێربونی مەعریفەو گەشەسەندنی مەعریفەیە.

٢- (تیۆری ڤیگۆتسکی) تیۆری گەشەی مەعریفی _کۆمەڵایەتی، واتە کارلێککردنی کۆمەڵایەتی لەناو پۆل و ژینگەی پۆلی فێرکردن.

٣- (تیۆری برونەر) تیۆری گەشەی مەعریفی برونەر جەخت لەسەر پرۆسەی هزری قوتابی دەکاتەوە، واتە چارەسەرکردنی فێرخواز بۆ مەعریفەو جەختکردنەوە لەسەر هۆکاری ناوەکی، کە کاریگەریی لەسەر فێربون هەیە.

٤-(تیۆری مرۆڤایەتی) ئامانجی ئەوەیە بابەخ و ڕۆڵ و کاریگەریی فێرخوازان بۆ دۆزینەوەی مەعریفەو کارکردن لەسەر بنیاتنانی برەخسێنێت. (نامق ٢٠٢٢, ٢٠-٢٢).

**قۆناغەکانی جێبەجێکردنی ستراتیژی پێشنیازکراو**

هەمو ستراتیژێکی وانەوتنەوە لەچەند قۆناغێک پێکدێت، ئەم ستراتیژە لە چوار قۆناغی یەک لەدوای یەک پێکدێت، کە بریتین لە:

**١- تێڕامان و بیرکردنەوە:** لەم قۆناغەدا مامۆستا بابەتی تازە بەشێوەی نمونە یان دەق بە سڵاید پیشانی قوتابییان دەدات، داوا لەقوتابییان دەکات لە نمونەو دەقەکە ڕابمێنن و بیربکەنەوەو بەمەعریفەی ڕابردویاندا بچنەوە، بزانن چی دەربارەی ئەم بابەتە و نمونانە دەزانن؟ ئەمەش جۆریکە لەپرسیاری کراوە، کە کاریگەری لەسەر پرۆسەی بیرکردنەوەی قوتابییان هەیە.

**٢- خستنەڕو و داڕشتنەوەی چەمکەکان:** لەم قۆناغەدا دوای تێڕامان و بیرکردنەوەی قوتابییان لە چەمکەکان داوا لەقوتابییان دەکرێت بەپێی بیرکردنەوەو مەعریفەی خۆیان چەمکەکان بخەنەڕو، دواتر مامۆستا جارێکی تر هەڵدەستێ بە داڕشتنەوەی چەمکەکان و خستنەڕوی بابەتەکە بەهاوکاری گروپەکان.

**٣- دەستنیشانکردنی ڕێساکان و جێبەجێکردن:** لەم قۆناغەدا دوای شرۆڤەکردنی نمونە یان دەقی بابەتی تازەو خستنەڕوی بابەتەکە لەلایەن قوتابییان و مامۆستایان، بەهاوکاری قوتابییان یاسایەکە بەسەر نمونەکاندا جێبەجێ دەکرێت.

**٤- هەڵسەنگاندن و فیدباک:** لەڕێگەی ئەو مەعریفەیەو شارەزاییەی قوتابییان لە سێ قۆناغی پێشو وەریانگرتوە، لەم قۆناغەدا مامۆستا ڕاهێنانەکان دەکات بەبنەمایەک بۆ هەڵسەنگاندنی قوتابییان، بەمەبەستی دڵنیابون لەڕادەی تێگەیشتنی قوتابییان لەبابەتەکەو هاتنەدی ئەو ئامانجانەی کە دیاریکردون، پاشان لەڕێگەی چەند پرسیارێکی زارەکی یان تاقیکردنەوەیەکی ڕۆژانە یان هەڵسەنگان بۆ فێرخوازان دەکات و فیدباکیان پێدەدات.




هێڵکاری توێژەر بۆ قۆناغەکانی ستراتیژی پێشنیازکراو

**چەمکەکان**

چەمکەکان بە بەردی بناغەی مەعریفە دادەنرێن، چونکە ڕێگە بەقوتابییان دەدات زانیارییەکانیان لەڕێگەی چەمکەکان ڕێکبخەن، هەروەها چەمکەکان لەڕێگەی پرۆسەیەکی درێژخایەنەوە دروست دەبن، کەڕەگ و ڕیشەی بۆ مەعریفەی پێشوی قوتابییان دەگەڕێتەوە. بەوپێیەی قوتابییان دەست دەکەن بەبنیاتنانی چەندین چەمک و دواتر پەرەیان پێدەدەن، ئەمەش وادەکات چەمکە بەدەستهاتوەکانی پێشوی بۆ بەدەستهێنانی چەمکی نوێ بەکاربهێنێت. (عبدالفتاح ٢٠٠٩, ٥).

چەمکەکان پێکهێنەری سەرەکی هزری مرۆڤن، وشەیەکن ئاماژە بۆ چینێک لەشت و مەک و دیاردەو بارودۆخ دەکات، کەواتە ئێمە لەڕیگای چەمکەکانەوە بەڕوداوەکانی دەوروبەرمان ئاشنادەبین، بەپێی بارودۆخەکان پۆلێنیان دەکەین لەپەیوەندی و پێکهاتەکانیان شارەزادەبین. (سیف ٢٠٢٢, ٣١٠).

**جۆرەکانی چەمک**

١- چەمکە هەستپێکراوەکان: ئەو چەمکانە دەگرێتەوە کە قوتابی دەتوانێ لەڕێگەی هەستەکانەوەدرکیان پێبکات بەشێوەیەکی ڕاستەخۆ لەڕیگای تێبینیکردن و شارەزاییەوە فێریان دەبێت، بۆ نمونە وەک: چەمکی( قوتابخانە، پەرتوک، پێنوس، ... هتد).

٢- چەمکە ئەبستراکتەکان: ئەو چەمکانەن کە هەستپێنەکراون و ئەبستراکتن و پێویستییان بەئاستی باڵا هەیە بۆ فێربون و لێکدانەوەیان، چونکە ناتوانرێن ببینرێن یان دەستیان لێبدرێن، ئەم جۆرەیان قورسترەو پێویستی بە مەعریفەو ئەزمونی باشی قوتابی هەیە تاوەکو لێیان تێبگات و فێریان ببێت، زیاتر بەچەمکی ویژدانی ناسراون، چونکە پەیوەندییان بە هەست

و بەهاو ئاڕاستەکانەوە هەیە وەک: ( چاکە، ئازایەتی، ئازادی، خراپە، جوانی، ... هتد). (عبدالصاحب و جاسم ٢٠١٢, ٣٩).

## تیۆرەکانی پێکهێنان و بەدەستهێنانی چەمک

### تیۆری جان پیاجی

پیاجێ پێی وایە کە بەدەستهێنانی چەمک پەیوەندییەکی نزیکیان بە قۆناغەکانی گەشەکردنی مەعریفەوە هەیە، کە بەم شێوەیە قۆناغەکانی پێکهێنان و بەدەستهێنانی چەمکی دەستنیشانکردوە:

**قۆناغی یەکەم: هەستیی_ جوڵەیی:** ئەم قۆناغە لەلەدایکبونەوە تا تەمەنی دو ساڵی دەگرێتەوە، کە لەم قۆناغەدا تاک چالاکی هەستیاری_ جوڵەیی وەک پەیوەندییەک لەنێوان خود و ژینگەدا پڕاکتیزە دەکات.

**قۆناغی دوەم: قۆناغی پێش پرۆسەی پێکهێنان:** هەروەها پێشی دەگوترێت قۆناغی پێش ڕێکارەکان، کە لەتەمەنی ( ٢ – ٧ )ساڵی دەگرێتەوە، لەم قۆناغەدا توانای زمانی منداڵان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان فراوان دەبێت و تاڕادەیەک زیندویی و خۆسەنتەری تێیدا دەردەکەوێت.

**قۆناغی سێیەم: قۆناغی چەمکی ڕوت:** کە لەتەمەنی (٧ – ١١)ساڵی لەم قۆناغەدا قوتابی توانای ڕێکخستن و پۆلێنکردنی چەمکەکانی تێدا سەرهەڵدەدات، کە ئەمەش پەیوەستە بە پێکهاتە کەسایەتی و ئەبستراکتەی، کە قوتابی بنیادی ناوە، بەڵام توانای چارەسەرکردنی ئەو کێشە زمانییەیان نییە کە بۆیان دروست دەبێت.

**قۆناغی چوارەم: قۆناغی پرۆسەی پێکهێنان:** ئەم قۆناغە قۆناغی پێکهێنان یان بەدەستهێنانی چەمکەکانە، کە لەتەمەنی ( ١٢ – ١٥ )ساڵی دەست پێدەکات لەم قۆناغەدا قوتابی ڕزگاری دەبێت لە شتە بەرجەستەکراوەکان و مامەڵە لەگەڵ پرسە زمانییەکاندا دەکات و گریمانە دەکات و دەرئەنجام بەدەستەوە دەدات. (شربل ١٩٨٦, ١٦٨-١٦٩).

### چەمکە ڕێزمانییەکان

چەمکی ڕێزمانی بریتییە لە کۆمەڵێک بنەماو ڕێسا، کە ئەندازەو پێگەی وشە لەڕستەدا ڕیکدەخات، واتە ڕیکخستنی وشە لەچوارچێوەی ڕستەدا، لەسەر بنەمای ئەو لۆژیکە چەمکی ڕێزمانی پێگەیەکی تایبەتی لەگوتنەوەو تێگەیشتن لەڕێزماندا هەیە. بەو واتایەی جۆرێکە لەزانیاری، کە پیویستە قوتابی ئەم چەمکانە لە ئاخاوتن و خوێندنەوەو نوسین و بیستن و درککردندنی بەکاربهێنێت. (المحمدي ٢٠٢١, ٤٣٦).

### گرنگی چەمکە ڕێزمانییەکان

لەپرۆسەی فێرکردندا چەمکە ڕێزمانییەکان گرنگی تایبەتیان هەیە، کە بریتین لە:

١- گرنگی فێربونی چەمکی ڕێزمانی دەبێتە بنەمایەک بۆ ڕەفتاری مەعریفی، چونکە برێکی زۆر لەڕاستییەکان بەدەستەواژ یان وشە کورت دەکاتەوە.

٢- یارمەتیدەری قوتابییە لەپۆلێنکردن و بەش بەشکردنی ئەو چەمکانەی بەدەستی دەهێنێت، چونکە دەتوانێت ئەوەی بەدەستی هێناوە لە چەندین هەڵویستی فێرکردنی تردا بەکاریبهێنێت. (الجابري و رحم ٢٠١٧, ١٧٢).

٣- هاندەرێکی باشی لایەنی دەرونی قوتابییانە، چونکە قوتابی لەپرۆسەی پێکهێنانی چەمکەکاندا پێویستی بە بیرکردنەوەی قوڵترو ئەزمونی زیاتر هەیە.

٤- یارمەتی قوتابییان دەدات بەدوای زانیاری و ئەزمونی زیاتردا بگەڕێن. (القيسي ٢٠٠٧, ٢٣٧-٢٣٨).

### چەمکی ئاڕاستە

چەمکی ئاراستە چەمکێکی دەرونزانی کۆمەڵایەتییە،بەزمانی ئینگلیزی (Attitudes)، بەزمانی عەرەبی (اتجاه)ی بۆ بەکاردێت، فەیلەسوفی ئینگلیزی هربرت سپنسەر (Herbert Spenser)یەکەم کەس بو لەساڵی (١٨٦٢) لەکتێبە بەناوبانگەکەی(بنەما سەرەتاییەکان First Principles) ئەم وشەی بەکار هێناوەو دەڵێت بۆ ئەوەی بگەین بەبیرۆکەی ڕاست و دروست سەبارەت بەو بابەتانەی، کە دەبنە هۆی وروژاندنمان، کەشایەنی گفتو گۆیەکی زۆرە پشت بەئاستێکی بەرز لە ئاراستەکانمان دەبەستین لەڕوی بیرکردنەوەی هزریەوە گرنگی بەوجۆرە گفتوگۆیانە دەدەین و بەشداریان تێدادەکەین. (إسماعيل ٢٠٢٣, ١٠).

ئۆلپۆرت (Allport ١٩٣٥) یەکێکە لەو دەروونناسانەی کە گرنگی بە چەمک و پێناسەی ئاراستە داوەو بەڕادەیەک پێناسەکەی بوە بە بەناوبانگترین پێناسە بۆ ئاراستەکان، چونکە لەزۆربەی توێژینەوەکاندا پشتی پێدەبەسترێت، دەڵێت: (ئاراستە ڕەوتێکی دەمارگیری و ئامادەیی دەرونییە، بەهۆی ئەزمونی کەسەکانەوە ڕێکدەخرێت و کاریگەری لەسەر تاک هەیە، بۆ وەڵامدانەوەی ئەو بابەت و بارودۆخانەی کە دەوروژێنرێن. (مرعي و بلقيس ١٩٨٤, ١٤٧).

**جۆرەکانی ئاراستە**

ئاراستەکان دەتوانین بۆ چەند جۆرێک پۆلێن بکەین، مە بریتین لە:

١- گشتگیری: ئاراستەکان لەسەر بنەمای جۆری گشتگیری بەم شێوەیە پۆلێن دەکرێن:

- ئاراستەی بەکۆمەڵ: بریتییە لەئاراستەکردنی تاک لەلایەن کۆمەڵەوە بەرەو پرسێکی دیاریکراو
- ئاراستەی تاک: ئەم جۆرە ئاراستەیە تایبەتە بەتاک خۆی، چونکە هەرتاکێک ئاراستەیەکی جیاوازی هەیە لەوانی دیکە، بۆنمونە پەسندکردن یان ڕەتکردنەوەی جوانکاری.. (Sillamy 1999, 31)

٢- بابەت: ئاراستەکان لەسەر بنەمای بابەت بەم جۆرە پۆلێن دەکرێن:

- ئاراستەی گشتی: ئەو ئاراستەیەیە، کە گشتگیرە و پێکهاتوە لەچەند بابەتێکی جۆراوجۆر، کە ئاستی ئەم ئاراستەیە چەسسپاو و جێگیرترە بەبەراورد بەئاراستەی تایبەت.
- ئاراستەی تایبەتی: ئەم جۆرە ئاراستەیە تایبەتە بەبابەتێکی دیاریکراو، کە ئاستی جێگیرییەکەی کەمتر لەئاراستەی گشتی. (احمد ٢٠١٥, ٦١).

٣- ڕونی و ئاشکرایی: لەسەر بنەمای ڕونی و ئاشکرایی ئاراستەکان بەم جۆرە پۆلێن دەکرێن:

- ئاراستەی ئاشکرا: ئەو ئاراستەیەیە، کە تاک بەشێوەیەکی ئاشکراو ڕون و بەبێ ترس گوزارشت لەڕەفتارەکانی دەکات.
- ئاراستەی نهێنی: ئەو ئاراستەیەیە، کە پێچەوانەی ئاراستەی ئاشکرایەو لەم جۆرەدا تاک ڕەفتاری خۆی دەشارێتەوەو نکوڵی لەگوزارشتکردنی دەکات.

٤- هێز: ئاراستەکان لەسەر بنەمای هێز بەم شێوەیە دابەشدەکرێن:

- ئاراستەی بەهێز: ئەمجۆرە ئاراستەیە گوزارشت لەڕەفتارێکی کاریگەرو بەهێز دەکات و گۆڕینی ئاسان نییە.
- ئاراستەی لاواز: هەر ڕەفتارێک لاوازو بێهێزو دودڵ بو بەجۆری ئاراستەی لاواز هەژمار دەکرێت، ئاسانتر گۆڕانکاری بەسەردادێت. (ابراهيم ٢٠٢٠١, ١١٣).

٥- ئامانج: ئاراستەکان لەسەر بنەمای ئامانج بریتین لە:

- ئاراستەی ئەرێنی: ئەو ئاراستەیە دەگرێتەوە، کە تاک بەرەو ناوەڕۆک و ئامانجێکی دیاریکراو هەنگاو دەنێت و ئاراستە دەکرێت.

- ئاڕاستەی نەرێنی: ئەو ئاڕاستەیە، کە تاک بەرەو ناوەڕۆک و ئامانجێکی دیاریکراو هەنگاو نانێت، واتە پێچەوانەی ئاڕاستەی ئەرێنییە. (الزويني ٢٠١٤, ١٧٢).

## توێژینەوەکانی پێشو

**خشتەی ژمارە (١) ئەو توێژینەوانەی کە باسیان لە بەدەستهێنانی چەمک کردوە**

| ژ | ناوی توێژەر و ساڵ و وڵات | ئامانجەکانی توێژینەوەکە | کۆمەڵگە و قەبارەی نمونەکە | میتۆدی توێژینەوەکە | گرنگترین هاوکێشە ئامارییەکان | گرنگترین ئەنجامەکانی توێژینەوەکە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | (داخل ٢٠١١) بغداد | زانینی کاریگەری مۆدێلی کارین لەسەر بەدەستهێنانی چەمکە ڕێزمانییەکان و بیرکردنەوەی جیاواز لەنێوان خوێندکارانی پۆلی چوارەمی ناوەندی . | خوێندکارانی پۆلی چوارەمی ناوەندی، نمونەی توێژینەوەکە بریتییە لە (٦٤) قوتابی. | میتۆدی ئەزمونی | T-Test- -کا² ($X^2$)- - ئەلفاکرۆنباخ | بونی جیاوازی ئاماری لەئاستی بەڵگەداری (٠،٠٥) لەنێوان ناوەندی نمرەکانی تاقیکردنەوەی چەمکە ڕێزمانییەکان لەبەرژەوەندی گروپی ئەزمونی. |
| ٢ | (فخري ٢٠١٢) بغداد | زانینی کاریگەری مۆدێلی ویتلی لەسەر بەدەستهێنانی چەمکە ڕێزمانییەکان لای خوێندکارانی کچانی قۆناغی یەکەمی ناوەندی. | خوێندکارانی پۆلی یەکەمی ناوەندی، نمونەی توێژینەوەکە بریتییەلە(٥٤) خوێندکار . | میتۆدی ئەزمونی | T-Test- | بونی جیاوازی ئاماری لەئاستی بەڵگەداری (٠،٠٥) لەنێوان ناوەندی نمرەکانی تاقیکردنەوەی چەمکە ڕێزمانییەکان لەبەرژەوەندی گروپی ئەزمونی. |
| ٣ | (الشهراني ٢٠١٩) سعودية | زانینی کاریگەری مۆدێلی مکارثی لەفێرکردنی زانستدا لەسەر بەدەستهێنانی چەمکەزانستییەکان و ئاڕاستەیان بەرامبەر بەو بابەتە لەنێوان خوێندکارانی پۆلی دوەمی ناوەندی. | خوێندکارانی پۆلی یەکەمی ناوەندی، نمونەی توێژینەوەکە بریتییەلە(٩٥) خوێندکار . | میتۆدی ئەزمونی | T-Test- -قەبارەی کاریگەری إيتا "$n^2$" | - بونی جیاوازی ئاماری بەڵگەداری لە ئاستی (٠،٠٥) لەنێوان ناوەندی نمرەکانی خوێندکاران لە تاقیکردنەوەی چەمکە زانستییەکان و ناوەندی نمرەکانی تاقیکردنەوەی خوێندکاران لە پێوەری ئاراستەکانیان لەبەرژەوەندی گروپی ئەزمونی. |

**خشتەی ژمارە (٢) توێژینەوەکانی پەیوەستن بە پێوەری ئاراستە**

| ژ | ناوی توێژەر و ساڵ و وڵات | ئامانجەکانی توێژینەوەکە | کۆمەڵگە و قەبارەی نمونەکە | میتۆدی توێژینەوەکە | گرنگترین هاوکێشە ئامارییەکان | گرنگترین ئەنجامەکانی توێژینەوەکە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | (عارف ٢٠١٤) هەولێر | زانینی کاریگەری بەرنامەیەکی فێرکاری مالتیمیدیا لەسەر دەستکەوتی خوێندکارانی قۆناغی یەکەم لەبەشی | خوێندکارانی قۆناغی یەکەمی بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکان، نمونەی توێژینەوەکە | میتۆدی ئەزمونی | T-Test- Cooper- -ئەلفا کرۆنباخ | - بونی جیاوازی ئاماری لەئاستی بەڵگەداری (٠،٠٥) لەنێوان ناوەندی نمرەکانی تاقیکردنەوەی دەستکەوت |

| ژ | ناوی توێژەر و ساڵ و وڵات | ئامانجەکانی توێژینەوەکە | کۆمەڵگە و قەبارەی نمونەکە | میتۆدی توێژینەوەکە | گرنگترین هاوکێشە ئامارییەکان | گرنگترین ئەنجامەکانی توێژینەوەکە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | زانستە کۆمەڵایەتییەکان لەبابەتی جوگرافیایی سروشتی و ئاراستەیان بەرامبەری | بریتییە لە (٤٠) قوتابی بۆ هەردو گروپ. | | | و ناوەندی نمرەکانی تاقیکردنەوەی ئاراستە لەبەرژەوەندی گروپی ئەزمونی. |
| ٢ | (عەبدولرەحمان ٢٠١٤)هەولێر | زانینی کاریگەری ستراتیژییەتی دۆزینەوەی ئاراستەکراو لەگوتنەوەی خوێندنەوەداو کاریگەری لەگەشەپێدانی کارامەییەکانی تێگەیشتن لەخوێندنەوەداو ئاراستەکردن بەرەو خوێندنەوە لەزمانی کوردیدا. | خوێندکارانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی، نمونەی توێژینەوەکە بریتییە لە (٥٥) قوتابی بۆ هەردو گروپ. | میتۆدی ئەزمونی | T-Test- - پێرسۆن | - بونی جیاوازی ئاماری لەئاستی بەڵگەداری (٠،٠٥) لەنێوان ناوەندی نمرەکانی تاقیکردنەوەی گەشەپێدانی کارامەییەکانی تێگەیشتن و ناوەندی نمرەکانی تاقیکردنەوەی ئاراستە لەبەرژەوەندی گروپی ئەزمونی. |
| ٣ | (احمد ٢٠١٥) سلێمانی | زانینی کاریگەری پرۆگرامێکی پێشنیازکراو لەسەر گەشەکردنی لێهاتویی خوێندکارانی بەشی پەروەردەی هونەر لەبابەتی ڕەخنەو چێژی هونەریداو ئاراستەکانیان لە بەرامبەردا. | خوێندکارانی قۆناغی چوارەمی بەشی پەروەردەی هونەری، نمونەی توێژینەوەکە بریتییەلە (٣٠) خوێندکاربۆ هەردو گروپ. | میتۆدی ئەزمونی | T-Test- Cooper- -سپێرمان -پێرسۆن -چوارگۆشەی تائی | بونی جیاوازی ئاماری لەئاستی بەڵگەداری (٠،٠٥) لەنێوان ناوەندی نمرەکانی تاقیکردنەوەی گەشەکردنی لێهاتویی و ناوەندی نمرەکانی تاقیکردنەوەی ئاراستە لەبەرژەوەندی گروپی ئەزمونی. |

**بەشی سێیەم: ڕێکارییەکانی توێژینەوەکە**

ئەم بەشە هەمو ئەو ڕێو شوێنانە لە خۆ دەگرێت، کە لە توێژینەوەکەدا گیراونەتە بەر، بە مەبەستی بەدیهێنانی ئامانجەکانی توێژینەوەکە، وەک دەستنیشانکردنی میتۆدی توێژینەوەکە، دیزاینی توێژینەوەکە، کۆمەڵگە و نمونەی توێژینەوەکە، هاوتایی گروپەکان و ئامرازەکانی توێژینەوە و ئەو هاوکێشە ئامارییانەی بەکارهاتون بۆ شیکردنەوەی داتاکان و گەیشتین بە ئەنجامەکان.

**یەکەم: میتۆدی توێژینەوە و دیزاینی توێژینەوەکە**

توێژەر میتۆدی ئەزمونی پێڕەو کردوە بۆ جێبەجێکردنی توێژینەوەکەی، کە دەگونجێت لەگەڵ ئامانجی توێژینەوەکەی، هەروەها میتۆدی ئەزمونی لەسەر بنەمای کۆنترۆڵکردنی گۆڕاوەکان دامەزراوە، بەمەبەستی کاریگەریی گۆڕاوی سەربەخۆ لەسەر گۆڕاوی پاشکۆ، تاوەکو بەئەنجامی تاقیکردنەوەکان بەراورد بکرێت. توێژەر پشتی بەدیزاینی ئەزمونی بەستوە، کە گونجاوبو لەگەڵ سروشتی توێژینەوەکەی، ئەویش بەبەکارهێنانی دو گروپ، گروپی ئەزمونی وانە بەبەکارهێنانی ستراتیژێکی پێشنیازکراو دەخوێنن، گروپی کۆنترۆڵکراو وانە بەڕێگای ئاسایی دەخوێنن، لەژێر ڕۆشنایی ئەم دیزاینەدا هەردو گروپ (ئەزمونی و کۆنترۆڵکراو) کەوتونەتە ژێر تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی بۆ گۆڕاوی بەدەستهێنانی چەمکە ڕێزمانییەکان و پێوانی ئاراستە بەرەو بابەتی ڕێزمانی کوردی.

هەروەها توێژینەوەکە پێکهاتوە لەیەک گۆڕاوی سەربەخۆ، کە (ستراتیژێکی پێشنیازکراو)ە، پشت بەست بەتیۆری بونیادگەری و گۆڕاوە پاشکۆکان بریتین لە: ( بەدەستهێنانی چەمکە ڕێزمانییەکان، ئاڕاستە بەرەو بابەتی ڕێزمانی کوردی).

**دوەم: گۆمەڵگەی توێژینەوەکە**

یەکێک لەکارە بنچینەییە گرنگەکانی توێژینەوە بریتییە لە دیاریکردنی کۆمەڵگەکانی توێژینەوەکە، کە بریتییە لە هەمو ئەو تاک و کۆمەڵانەی کەبابەتی توێژینەوەکە پیکدەهێنن. (الجابري١ ٢٠١١, ٢٤٥)، کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە قوتابییانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لەقوتابخانەکانی سنوری بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی ڕانیە، کە پێکهاتوە لە (٨٠) قوتابخانەی بنەڕەتی، کە پۆلی هەشتەمی بنەڕەتییان هەیە ژمارەی قوتابییان بەگشتی بریتییەلە: (٢٣٩٢) قوتابی کوڕ، (٢٣٤٢) قوتابی کچ، کە کۆی گشتییان بریتییەلە: (٤٧٣٤) قوتابی بۆ ساڵی خوێندنی ( ٢٠٢٤ – ٢٠٢٥).

**سێیەم: نمونەی توێژینەوەکە**

نمونەی توێژینەوە بەشێکە لەو کۆمەڵگەیەی کە توێژینەوەکەی لەسەر ئەنجام دەدرێت یان دەتوانین بڵێین بەشێکە لەو کۆمەڵگەیەی کەتوێژینەوەکەی تێدا ئەنجام دەدرێت، کە خەسڵەتی هاوبەشی تێدایە، کە نوێنەرایەتی کۆمەڵگەکەی دەکات. (بۆکانی ٢٠٢٠, ١١٢).

توێژەر نمونەی ئەم توێژینەوەیەی بە دو نمونە خستۆتە ڕو کە بریتین لە:

١- نمونەی قوتابخانە: بریتییە لە قوتابخانی (ڕێگا)ی بنەڕەتی لەسنوری بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی ڕانیە، کە توێژەر لەرێگەی چەند هۆکارێکەوە قوتابخانەی ناوبراوی هەڵبژارد، کە بریتیبون لە هاوکاری بەرێوەبەرو ستافی مامۆستایان و گونجاوی قوتابخانەکە لەڕوی باڵەخانەو ژمارەی قوتابییان و بونی پۆلی پێویست بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکە.

٢- نمونەی قوتابییان: توێژەر لەدوای سەردانیکردنی قوتابخانەی دیاریکراو، بۆی دەرکەوت کە قوتابییانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لە هەشت هۆبە ( لق ) (A,B,C,D,E,F,G,H) پێکهاتون و دابەشکراون بەسەر دو مامۆستای پسپۆڕی زمانی کوردی، کە هۆبەی (A,B,C,D) مامۆستایەک وانەکە دەڵێتەوەو هۆبەی (E,F,G,H) مامۆستایەکی تر وانەکە دەیڵێتەوە، توێژەر بەشێوەیەکی هەڕەمەکی هەردو هۆبەی (G,H) هەڵبژارد، کە هەردوکیان لای مامۆستایەک بو، لەئەنجامدا هۆبەی ( G ) بو بە گروپی ئەزمونی کە ژمارەیان (٢١ ) قوتابی بو، هەروەها هۆبەی ( H ) بو بەگروپی کۆنترۆڵکراو کەژمارەیان ( ٢١) قوتابی بو. ژمارەی قوتابییانی هەردو گروپ بریتیبولە ( ٤٢) قوتابی. بڕوانە خشتەی (٣).

خشتەی ( ٣ ) گروپ و ژمارەی قوتابییانی نمونەی توێژینەوەکە

| لق | هۆبە | ڕێگای وانەوتنەوە | ژمارەی قوتابییان | | کۆی قوتابییان |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | کوڕ | کچ | |
| أ | ئەزمونی | ستراتیژێکی پێشنیازکراو پشت بەست بەتیۆری بونیادگەری | ٨ | ١٣ | ٢١ |
| ب | کۆنترۆڵکراو | ڕێگای ئاسایی | ١٠ | ١١ | ٢١ |
| کۆ | | | ١٨ | ٢٤ | ٤٢ |

**چوارەم: هاوتاکردنی گروپەکانی توێژینەوەکە**

توێژەر هاوتاکردنی ئاماری ئەنجامدا بۆ دەرهێنانی ناوەندەژمێرەیی و لادانی پێوەریی و نرخی (T)ی هەژمارکراو و خشتەیی بۆ هاوتاکردنی گروپەکانی توێژینەوەکەی لەهەندێ گۆڕاوی پەیوەست بە گۆڕاوەکانی، وەک: (تەمەنی قوتابی، نمرەی وەرزی یەکەم، تاقیکردنەوەی پێشەکی بەدەستهێنانی چەمکە ڕێزمانییەکان، تاقیکردنەوەی پێشەکی بۆ پێوانی ئاڕاستەیان بەرەو بابەتی ڕێزمانی کوردی، ئاستی زیرەکی، ئاستی ئەکادیمی باوکان و دایکان)، ئەنجامدا. بڕوانە خشتەی ژمارە(٤، ٥).

خشتەی ژمارە (٤)زانیارییەکانی نمونەی توێژینەوەکە (گروپی ئەزمونی و کۆنترۆڵکراو) پەیوەست بە گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە

| پێشەکی ئاراستە | | پێشەکی بەدەستهێنانی چەمک | | تەمەن | | دەستکەوتی وەرزی پێشو | | زیرەکی | | ژ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| کۆنترۆڵکراو | ئەزمونی | کۆنترۆڵکراو | ئەزمونی | کۆنترۆڵکراو | ئەزمونی | کۆنترۆڵکراو | ئەزمونی | کۆنترۆڵکراو | ئەزمونی | |
| 125 | 115 | 16 | 15 | 159 | 157 | 76 | 79 | 31 | 35 | ١ |
| 146 | 160 | 11 | 11 | 159 | 158 | 81 | 61 | 33 | 29 | ٢ |
| 157 | 155 | 12 | 15 | 166 | 159 | 77 | 88 | 26 | 22 | ٣ |
| 124 | 143 | 11 | 15 | 156 | 158 | 79 | 76 | 26 | 33 | ٤ |
| 114 | 152 | 12 | 17 | 160 | 157 | 63 | 64 | 35 | 29 | ٥ |
| 164 | 165 | 15 | 9 | 158 | 160 | 69 | 66 | 11 | 22 | ٦ |
| 169 | 162 | 10 | 14 | 177 | 175 | 81 | 95 | 27 | 25 | ٧ |
| 170 | 168 | 8 | 10 | 153 | 163 | 73 | 94 | 33 | 28 | ٨ |
| 154 | 146 | 16 | 14 | 163 | 163 | 64 | 76 | 34 | 25 | ٩ |
| 146 | 168 | 11 | 16 | 181 | 160 | 98 | 96 | 35 | 32 | ١٠ |
| 164 | 165 | 11 | 15 | 174 | 165 | 94 | 90 | 35 | 24 | ١١ |
| 130 | 137 | 14 | 13 | 165 | 166 | 72 | 80 | 28 | 29 | ١٢ |
| 126 | 160 | 12 | 14 | 166 | 163 | 64 | 96 | 26 | 29 | ١٣ |
| 162 | 187 | 7 | 7 | 173 | 171 | 93 | 87 | 27 | 31 | ١٤ |
| 142 | 152 | 16 | 12 | 172 | 158 | 71 | 86 | 36 | 31 | ١٥ |
| 144 | 147 | 13 | 10 | 167 | 164 | 68 | 59 | 25 | 32 | ١٦ |
| 157 | 155 | 6 | 14 | 154 | 161 | 92 | 90 | 32 | 30 | ١٧ |
| 169 | 162 | 12 | 10 | 169 | 163 | 86 | 88 | 35 | 25 | ١٨ |
| 168 | 165 | 11 | 12 | 174 | 162 | 71 | 68 | 31 | 34 | ١٩ |
| 116 | 156 | 8 | 14 | 155 | 169 | 81 | 85 | 25 | 26 | ٢٠ |
| 145 | 126 | 16 | 11 | 165 | 163 | 88 | 76 | 26 | 19 | ٢١ |
| 147.24 | 154.57 | 11.81 | 12.76 | 165.05 | ١٦٢,٨٢ | 78.14 | 80.96 | 29.38 | 28.10 | سˉ |
| 18.469 | 15.619 | 2.944 | 2.587 | 8.040 | 4.695 | ١٠,٥٦١ | 11.830 | 5.766 | 4.288 | ع |

خشتەی ژمارە (٥) ئەنجامی بەهای (کای)٢ بۆ هاوتایی ئاستی ئەکادیمی باوکان و دایکان

| ئاستی بەڵگەداریی (٠،٠٥) | بەهای (کای)٢ | | | ئاستی ئەکادیمی باوکان و دایکان | | | | گروپەکان | گۆڕاو |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | خشتەیی | ئەژمارکراو | نمرەی ئازاد | ژ. قوتابیان | پەیمانگا و زانکۆ | ناوەندی وئامادەیی | بێ بڕوانامە و سەرەتایی | | |
| بەڵگەداری نییە لە ئاستی (0.05) | ٥,٩٩١ | ٠,٥٨٢ | ٢ | ٢١ | ٥ | ٦ | ١٠ | ئەزمونی | باوکان |
| | | | | ٢١ | ٥ | ٤ | ١٢ | کۆنترۆڵکراو | |
| | | | | ٤٢ | ١٠ | ١٠ | ٢٢ | کۆ | |
| | ٥,٩٩١ | ٠,١٤٨ | ٢ | ٢١ | ٣ | ٤ | ١٤ | ئەزمونی | د |

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | کۆنترۆڵکراو | ١٣ | ٥ | ٣ | ٢١ | | | | بەڵگەداری نییە لە ئاستی (0.05) |
| | کۆ | ٢٧ | ٩ | ٦ | ٤٢ | | | | |

**پێداویستییەکان (کەرەستەکان)ی توێژینەوەکە**

١- بونیادنانی ستراتیژێکی پێشنیازکراو پشت بەست بەتیۆری بونیادگەری.

٢- دیاریکردنی بابەتی خوێندن.

٣- داڕشتنی ئامانجە ڕەفتارییەکان.

٤- ئامادەکردنی پلانی وانەوتنەوە.

**ئامرازەکانی توێژینەوە**

لەهەمو توێژینەوەیەکی زانستیدا چەندین ئامراز بۆ کۆکردنەوەی داتاو زانیاری بەکاردەهێنرێت، هیچ ئامرازێک نییە بۆ هەمو توێژینەوەکان بەکاربێت. (بۆکانی ٢٠٢٠, ١٣٢).

لەڕێگەی ئامرازەکانی توێژینەوەوە داتاو زانیارییەکان دەست توێژەر دەکەوێت و وەڵامی پرسیارەکانی توێژینەوەکەی وەردەگرێتەوە، بۆ بەدەستهێنانی تاقیکردنەوەی گریمانەکان و ئامانجەکانی توێژینەوەکە، بۆ ئەم مەبەستە توێژەر دو ئامرازی ئامادەکرد، وەک:

**یەکەم: تاقیکردنەوەی بەدەستهێنانی چەمکە ڕێزمانییەکان:** پێوانی بەدەستهێنانی چەمکە ڕێزمانییەکان یەکێکە لەپێویستییەکانی توێژینەوەکە، لەبەرئەوە توێژەر تاقیکردنەوەی بۆ پێوانی چەمکەکان بەشێوەی تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی لەجۆری هەڵبژاردن بۆ چوار ئاست لەئاستەکانی هەرەمەکەی (بنیامین بلۆم)، کەبریتین لە: (یادکردنەوە، تێگەیشتن، جێبەجێکردن، شیکردنەوە) ئامادەکردوە، کە ژمارەی بڕگەکان بریتین لە: (٢٥) بڕگە (پرسیار) بەپێی کێش و گرنگی هەریەک لەناوەڕۆکی بابەتەکان و ئامانجەڕەفتارییەکان ئامادەکرد، لە چوار ئاستی سەرەتای پۆلێنکرنی بلوم لەبواری مەعریفیدا ( یادکردنەوە، تێگەیشتن، جێبەجێکردن، شیکردنەوە). خشتەی تایبەتمەندی بەپێی ئەم ڕێکارانەی خوارەوە ئامادەکرا:

أ- کێشی ناوەڕۆک $= \frac{\text{ژمارەی بەشەوانەی هەربابەتێکی خوێندن}}{\text{کۆی ژمارەی بەشەوانەکان}} \times 100$

ب- ڕێژەی گرنگی ئامانجە ڕەفتارییەکان لەهەرئاستێکدا $= \frac{\text{ژمارەی ئامانجی ڕەفتارییەکان لەهەرئاستێکدا}}{\text{ژمارەی گشتی ئامانجەڕەفتارییەکان}} \times 100$

پ- ژمارەی بڕگەکان لەخانە= ڕێژەی کێشی ناوەڕۆک × ڕیژەی گرنگی ئامانجە ڕەفتارییەکان × ژمارەی گشتی بڕگەکانی تاقیکردنەوە. (الدليمي و المهداوي ٢٠٠٥, ٣٠).

توێژەر بۆ دڵنیابونەوە لە ڕاستی تاقیکردنەوە، دو جۆر ڕاستی تاقیکردنەوەی بەکارهێنا، کە بریتن لە: ڕاستی ڕواڵەت و ناوەڕۆک، بەم شێوەیەی خوارەوە:

١- **ڕاستێتی (ڕاستگۆیی) ڕواڵەت:** بۆ دڵنیابون لەڕاستی بڕگەکانی تاقیکردنەوەکە، توێژەر تاقیکردنەوەکەی بەسەر ژمارەیەک لەپسپۆڕی ڕێگاکانی وانەوتنەوەو پێوانەو هەڵسەنگاندن و زمان دابەشکرد کە ژمارەیان (١٧) شارەزابو. بۆمەبەستی زانینی ڕاوبۆچونیان لەسەر بڕگەکانی تاقیکردنەوەکە لەڕوی داڕشتن و ڕونی زمانەوانی و گشتگیرییەوە، دوای سەرنج و تێبینییەکانیان لەسەر هەندێک لەبڕگەکان و هەمووارکردنێکی کەم، پشت بەست بە هاوکێشەی کای سکوێر (کا$^2$) کۆی بڕگەکان پێی خشتەی ژمارە (٦) پەسندکران.

خشتەی ژمارە ( ٦) بەهای (كا٢) بۆ برگەکانی تاقیکردنەوەی بەدەستهێنانی چەمکە ڕێزمانییەکان بە ڕای پسپۆڕان

| ژ | ژمارەکانی برگەکان | ژمارەی برگەکان | ژمارەی پسپۆرەکانی پەسەنکراو | ژمارەی پسپۆڕانی ڕەتکراوە | کا٢ ($X^2$) | بەهای خشتەیی | ئاستی بەڵگەداری (٠,٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ١، ٤، ٨، ١٣، ١٧ | ٥ | ١٤ | ٣ | ٧,١١٨ | ٣,٨٤١ | بەڵگەدارە |
| ٢ | ٢، ٩، ١١، ١٨ | ٤ | ١٥ | ٢ | ٩,٩٤١ | | بەڵگەدارە |
| ٣ | ٣، ٥، ٧، ١٠، ١٢، ١٥، ١٦، ١٩، ٢٣ | ٩ | ١٦ | ١ | ١٣,٢٣٥ | | بەڵگەدارە |
| ٤ | ٦، ١٤، ٢٠، ٢١، ٢٢، ٢٤، ٢٥ | ٧ | ١٧ | ٠ | ١٧,٠٠٠ | | بەڵگەدارە |

**٢- ڕاستێتی (ڕاستگۆیی) ناوەڕۆک:** بەمەبەستی دڵنیابونەوە لەڕاستی ناوەڕۆک، توێژەر خشتەیەکی تایبەتمەندی ئامادەکرد، پاشان خستیە بەردەستی ژمارەیەک لە پسپۆڕانی ڕێگاکانی وانەوتنەوەو پێوانەوهەڵسەنگاندن و زمان، بە مەبەستی دڵنیابونەوە لەوەی، کە تا چ ڕادەیەک تاقیکردنەوەکە نوێنەرایەتی ناوەڕۆکی ئامانجە فێرکارییەکە دەکات، دوای وەرگرتنی ڕای شارەزایان دەرکەوت، کە تاقیکردنەوەکە نوێنەرایەتییەکی بەهێزی بابەتەکە دەکات.

پاشان توێژەر هەستا بەدەستنیشانکردنی هێزی جیاکاری و جێگیری بۆ برگەکانی تاقیکردنەوەکە بەم شێوەیە:

أ- هێزی جیاکاری برگەکان: بۆ دۆزینەوەی هێزی جیاکاری هەر برگەیەک لەبرگەکانی تاقیکردنەوەکە، توێژەر هێزی جیاکاری بۆ هەر برگەیەک لەبرگەکانی تاقیکردنەوەکە ئەژمارکرد، بۆی دەرکەوت، کە هێزی جیاکاری برگەکانی تاقیکردنەوەکە دەکەوێتە نێوان (٢٠،٠- ٥٠،٠ )، بەپێی ئاماژەی سەرچاوەکان هەرکات هێزی جیاکاری برگەکانی تاقیکردنەوەکان لەنێوان (٠،٢٠ – ٠،٢٩)دابێت، ئەوە بەپەسند دادەنرێت، ئەگەر لەنێوان (٠،٤٠ – بەرەوسەر) بو، بەبرگەیەکی باش هەژماردەکرێت (المحاسنة و مهيدان ٢٠٠٩, ٢١٢)، توێژەر تاقیکردنەوەکەی بەسەر نمونەیەکی سەرەتایی لەتاکەکانی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە جێبەجێکرا، کە بەدەربون لە نمونەی ڕاستەقینە، کە پێکهاتبون لە (٨٨) قوتابی لە قوتابییانی قوتابخانەی (کۆڕەو)ی بنەڕەتی ئەنجامدا، لەڕۆژی (١ شەممە) ڕێکەوتی (٢٠ /٤ / ٢٠٢٥) لەدوای نزیکەی دو هەفتە هەمان تاقیکردنەوە لەهەمان بارودۆخی هاوشێوەدا تاقیکردنەوەکە دوبارەکرایەوە. پاشان هاوکێشەی (پێرسۆن)ی بەکارهێنا، بەمەبەستی دەرهێنانی هێزی جیاکاری بۆ برگەکان، لەبەرئەوەی برگەکانی تاقیکردنەوەکە دەکەونە ئەو نێوانەوە توێژەر دڵنیابویەوە لە ڕاستی برگەکان بڕوانە خشتەی ژمارە (٧).

خشتەی ژمارە (٧) هاوکۆلکەی ئاسانی و گرانی و هێزی جیاکاری برگەکانی تاقیکردنەوەی بەدەستهێنانی چەمک

| ژ | کۆی گشتی وەڵامی ڕاست | ژمارەی وەڵامی کۆمەڵەی بەرز | ژمارەی وەڵامی کۆمەڵەی نزم | هاوکۆلکەی ئاسانی | هاوکۆلکەی گرانی | هاوکۆلکەی جیاکاری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | 63 | 36 | 27 | 0.72 | 0.28 | 0.20 |
| 2 | 60 | 35 | 25 | 0.68 | 0.32 | 0.23 |
| 3 | 48 | 30 | 18 | 0.55 | 0.45 | 0.27 |
| 4 | 59 | 34 | 25 | 0.67 | 0.33 | 0.20 |
| 5 | 60 | 36 | 24 | 0.68 | 0.32 | 0.27 |
| 6 | 29 | 20 | 9 | 0.33 | 0.67 | 0.25 |
| 7 | 66 | 38 | 28 | 0.75 | 0.25 | 0.23 |

| ژ | کۆی گشتی وەڵامی ڕاست | ژمارەی وەڵامی کۆمەڵەی بەرز | ژمارەی وەڵامی کۆمەڵەی نزم | هاوکۆلکەی ئاسانی | هاوکۆلکەی گرانی | هاوکۆلکەی جیاکاری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 8 | 45 | 27 | 18 | 0.51 | 0.49 | 0.20 |
| 9 | 52 | 37 | 15 | 0.59 | 0.41 | 0.50 |
| 10 | 58 | 35 | 23 | 0.66 | 0.34 | 0.27 |
| 11 | 52 | 34 | 18 | 0.59 | 0.41 | 0.36 |
| 12 | 67 | 40 | 27 | 0.76 | 0.24 | 0.30 |
| 13 | 28 | 19 | 9 | 0.32 | 0.68 | 0.23 |
| 14 | 53 | 35 | 18 | 0.60 | 0.40 | 0.39 |
| 15 | 35 | 25 | 10 | 0.40 | 0.60 | 0.34 |
| 16 | 45 | 31 | 14 | 0.51 | 0.49 | 0.39 |
| 17 | 50 | 32 | 18 | 0.57 | 0.43 | 0.32 |
| 18 | 57 | 34 | 23 | 0.65 | 0.35 | 0.25 |
| 19 | 44 | 31 | 13 | 0.50 | 0.50 | 0.41 |
| 20 | 38 | 25 | 13 | 0.43 | 0.57 | 0.27 |
| 21 | 40 | 25 | 15 | 0.45 | 0.55 | 0.23 |
| 22 | 35 | 24 | 11 | 0.40 | 0.60 | 0.30 |
| 23 | 48 | 32 | 16 | 0.55 | 0.45 | 0.36 |
| 24 | 53 | 32 | 21 | 0.60 | 0.40 | 0.25 |
| 25 | 60 | 38 | 22 | 0.68 | 0.32 | 0.36 |

ب- جێگیری تاقیکردنەوەی بەدەستهێنانی چەمکە ڕێزمانییەکان: لەپێناو گەیشتن بەئامانجەکانی توێژینەوەکە و بەمەبەستی دڵنیابونەوە لەجێگیری تاقیکردنەوەی بەدەستهێنانی چەمکە ڕێزمانییەکان، توێژەر ڕێگەی دوبارەکردنەوەی تاقیکردنەوە (Test- re test)ی بەکارهێنا، تاقیکردنەوەکە بەسەر نمونەیەکی سەرەتایی لەتاکەکانی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە جێبەجێکرا، کە بەدەربون لە نمونەی ڕاستەقینە، کە پێکهاتبون لە (٨٨) قوتابی لە قوتابییانی قوتابخانەی (کۆڕەو)ی بنەڕەتی ئەنجامدا، لەڕۆژی (١ شەممە) ڕێکەوتی (٢٠ /٤ / ٢٠٢٥) لەدوای نزیکەی دو هەفتە هەمان تاقیکردنەوە لەهەمان بارودۆخی هاوشێوەدا تاقیکردنەوەکە دوبارەکرایەوە. پاشان هاوکێشەی ( پێرسۆن)ی بەکارهێنا، بەمەبەستی دەرهێنانی جێگیری، کە بەهاکەی (٠،٧٢) بوە، کە ڕێژەیەکی بەرزە. (Gronlund,1965) ئاماژە بەوەدەکات، کە هەرتاقیکردنەوەیەک ڕێژەی جێگیرییەکەی بەبەرزە هەژمار دەکرێت، ئەگەر بەهای جێگیرییەکەی لەنێوان (٠،٧٠ – ٠،٩٠) بێت. (شواهین ٢٠١٨, ١١٩). بڕوانە خشتەی ژمارە (٨).

خشتەی ژمارە ( ٨ ) ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەری و بەهای هاوکۆلکەی (پێرسۆن) بۆ تاقیکردنەوەی بەدەستهێنانی چەمکە ڕێزمانییەکان

| ئەنجامدان | ژمارەی قوتابییان | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەهای هاوکۆلکەی جێگیری |
|---|---|---|---|---|
| جاری یەکەم | ٨٨ | ١٦،١١ | ٧٨٩.،٢ | ٠،٧٢ |
| جاری دوەم | ٨٨ | ١٦،٤٢ | ٣،٥٢٦ | |

**دوەم: پێوەری ئاراستە بەرەو بابەتی ڕێزمانی کوردی:** لەبەر نەبونی پێوەرێکی گونجاو بۆ مەبەستی پێوانەکردنی ئاراستەی قوتابییانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی بەرەو بابەتی ڕێزمانی کوردی، کە لەگەڵ پێداویستییەکانی ئەم توێژینەوەیە بگونجێت،

توێژەر هەستا بە ئامادەکردنی پێوەرێک بەسود وەرگرتن لەتوێژینەوەکانی پیشو(عارف، ٢٠١٤)، (احمد، ٢٠١٥)،(عبید، ٢٠٢١)، (مۆلی، ، ٢٠٢٣) و (مصطفی، ، ٢٠٢٣)، دوای پێداچونەوە بەهەندێ سەرچاوەی پێویست تایبەت بەئاڕاستە. توێژەر پێوەرێکی ئامادەکرد، کە لە (٣٨) برگە پێکهاتبو. بەپێی پلەبەندی (لیکرت) هەر برگەیەکی پێوەرەکە (٥) پێنج هەڵبژاردەی پلەبەندی بۆ دانرا بەم شێوەیە: (زۆر ڕازیم، ڕازیم، دڵنیانیم، ڕازینیم، هەرگیز ڕازینیم)، دواتر بەمەبەستی زانینی تایبەتمەندییە سایکۆمەترییەکان تایبەت بەڕاستی و هێزی جیاکاری برگەکان و جێگیری پێوەرەکە ئەم ڕێکارییانەی جێبەجێکرد:

١- ڕاستێتی (ڕاستگۆیی) ڕواڵەتی: بەمەبەستی بەدەستهێنانی ڕاستێتی ڕواڵەتی پێوەرەکە، توێژەر پێوەرەکەی خستە بەردەستی کۆمەڵێک لەشارەزایان و پسپۆڕانی بواری پەروەردەیی و دەرونزانی، بۆ وەرگرتنی ڕاوبۆچونیان لەسەر ڕادەی شیاوی هەر برگەیەک لەبرگەکان لەڕوی داڕشتنی زمانەوانی و زانستییەوە، گونجاندنیان لەگەڵ ئاستی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە، دوای سەرنج و تێبینییەکانیان گۆڕانکاری لەچەند برگەیەکی کەم کرا لەڕوی داڕشتنەوە، بەم شێوەیە پێوەرەکە بەشێوەی کۆتایی (٣٨) برگەی لەخۆگرت، پشت بەست بە هاوکێشەی کای سکوێر (کا٢) برگەکان پێی خشتەی ژمارە (٩) پەسندکران.

خشتەی ژمارە ( ٩ )ڕێژەی ڕێکەوتی شارەزایان بۆ برگەکانی تاقیکردنەوەی پێوەری ئاڕاستە

| ژ | ژمارەکانی برگەکان | ژمارەی برگەکان | ژمارەی پسپۆڕانی پەسەنکراو | ژمارەی پسپۆڕانی ڕەتکراوە | کا٢ ($X^2$) | بەهای خشتەیی | ئاستی بەڵگەداری (٠,٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ٣٥ ، ٣٦ | ٢ | ١٩ | 8 | 4,481 | | بەڵگەدارە |
| ٢ | ٩، ٣٤ | ٢ | ٢١ | 6 | 8.333 | | بەڵگەدارە |
| ٣ | ٤، ١٩، ٢٦، ٣٧، ٣٨ | ٥ | ٢٢ | 5 | 10.704 | | بەڵگەدارە |
| ٤ | ١٦، ١٧، ١٨، ٣١، ٣٢، ٣٣ | ٦ | ٢٣ | 4 | 13.370 | | بەڵگەدارە |
| 5 | ٥، ٦، ٧، ٨، ١٠، ٢١، ٢٢، ٢٧، ٣٠ | 9 | 24 | 3 | 16.333 | 3.841 | بەڵگەدارە |
| 6 | ١٤، ١٥، ٢٤، ٢٥، ٢٩ | 5 | 25 | 2 | 19.593 | | بەڵگەدارە |
| 7 | ١، ٢، ٣، ١١، ١٣، ٢٠، ٢٣، ٢٨ | 8 | 26 | 1 | 23.148 | | بەڵگەدارە |
| 8 | ١٢ | 1 | 27 | 0 | 27 | | بەڵگەدارە |

**٢- ڕاستێتی (ڕستگۆیی) ناوەکی:** بۆ ئەژمارکردنی ڕاستی ناوەکی پێوەری تاقیکردنەوەی ئاڕاستەی قوتابییان دەربارەی بابەتی ڕێزمانی کوردی، توێژەر هەستا بە جێبەجێکردنی پێوەرەکەی لەسەر ژمارەیەک قوتابییانی پۆلی (هەشتەمی) بنەڕەتی لە قوتابخانەی (ڕوانین)ی بنەڕەتی، کە ژمارەیان پێکهاتبو لە(١٠٠) قوتابی، پاشان بەبەکارهێنانی هاوکۆلکەی (پێرسۆن) لەڕێگەی بەرنامەی (Spss) ئاستی پەیوەندییەکە هەژمارکرا بۆ نمرەکانی هەر برگەیەک و نمرەی گشتی پێوەرەکە. بەپێی زانیارییەکان دەردەکەوێت کە سەرجەم برگەکانی پێورکە پەیوەستن بەکۆی نمرەی تاقیکردنەوەی پێوەرەکەوە، جگە لە برگەکانی (٩، ١١، ٣٧) کە هیچ ئاماژەیەکی بەڵگەدارییان نییە توێژەر لە پێوەرەکە دوری خستەوە.

**ئامرازە ئامارییەکان**

**١- تاقیکردنەوەی تائی (T-test):** بۆ دەرهێنانی هاوتایی لە نێوان هەندێ گۆڕاو و تاقیکردنەوەکانی بەدەستهێنانی چەمکە ڕێزمانییەکان و دەرهێنانی هێزی جیاکەرەوەی برگەکانی پێوەری ئاڕاستە. (الفقي ٢٠١٤, ١٤٨).

**هاوکۆلکەی هێزی جیاکاری:** بەکارهێنراوە بۆ مەبەستی دۆزینەوەی هێزی جیاکاری بڕگەکانی تاقیکردنەوەی بەدەستهێنانی چەمکە ڕێزمانییەکان و ئاڕاستەی قوتابییان بەرەو بابەتی ڕێزمانی کوردی. (ملحم ٢٠١١, ٢٣٨).

**٢- هاوکۆلکەی کا٢ (Chi – Square):** بۆ مەبەستی ئەژمارکردنی ڕێژەی ڕێکەوتی شارەزایان و پسپۆڕان بۆ ئاماژەکردن بەڕەوایی بڕگەکانی ئامانجە ڕەفتارییەکان و تاقیکردنەوەی بەدەستهێنانی چەمکەڕێزمانییەکان و پێوەرەکانی ئاڕاستەو هاوتایی لەنێوان گروپەکانی توێژینەوەکە لەئاستی ئەکادیمی باوکان و دایکان. (الخفاجي و العتابي ٢٠١٥, ١٧٣).

**٣- هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن:** بەکارهاتوە بۆ دەرهێنانی جێگیری تاقیکردنەوەی بەدەستهێنانی چەمکە ڕێزمانییەکان (بابەتی)، و پێوەری ئاڕاستە لەڕێگەی دوبارەکردنەوەی تاقیکردنەوەکە. (الطبية ٢٠٠٨, ١١٩).

**٤-هاوکێشەی جی کۆپەر (J. Cooper):** بۆ مەبەستی ئەژمارکردنی ڕێژەی ڕێکەوتی شارەزایان و پسپۆڕان بۆ ئاماژەکردن بەڕەوایی بڕگەکانی ئامانجە ڕەفتارییەکان و تاقیکردنەوەی بەدەستهێنانی چەمکەڕێزمانییەکان و پێوەرەکانی ئاڕاستە. (البهرزي ١٩٨٩, ٨٢).

**هاوکۆلکەی (Cohen's d):** بۆ دەرخستی قەبارەی کاریگەری جیاوازی تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی بەدەستهێنانی چەمکە ڕێزمانییەکان بۆ قوتابییانی گروپی ئەزمونی. (البهرزي ١٩٨٩, ٨٢)

**٥-هاوکۆلکەی ئیتا (Eta-Square)($n^2$) :** بۆ دۆزینەوەی قەبارەی کاریگەری گۆڕاوی سەربەخۆ (ستراتیژێکی پێشنیازکراو) لەسەر گۆڕاوی پاشکۆ (بەدەستهێنانی چەمکە ڕێزمانییەکان و ئاڕاستەی قوتابییان بەرەو بابەتی ڕیزمانی کوردی). (غنيم ٢٠٠٤, ٧٦).

**بەشی چوارەم: خستنەڕو و شیکردنەوەی ئەنجامەکان**

**١- خستنەڕوی ئەنجامی گریمانەی یەکەم**

دەقەکەی بەم شێوەیەیە: جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی (٠,٠٥) نییە لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی (جیاوازی نمرەکانی هەردو تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی) لە بەدەستهێنانی چەمکە ڕێزمانییەکان لە نێوان گروپی ئەزمونی، کە وانەکان پشت بەست بە ستراتیژی پێشنیازکراو دەخوێنن و گروپی کۆنترۆڵکراو کە وانەکان بەڕێگای ئاسایی دەخوێنن.

بۆ دڵنیابون لە ڕاستی و دروستی ئەم گریمانەیە، توێژەر تاقیکردنەوەی (T. test) بۆ دو نمونەی پەیوەندیدار بەکارهێنا، ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەری و بەهای (T)ی ئەژمارکراو بۆ گروپی ئەزمونی بەو شێوەیەی، کە لە خشتەی ژمارە (١٠) خراوەتە ڕو.

خشتەی (١٠) ئەنجامی تاقیکردنەوەی (T-test) بۆ بەراوردی نێوان ناوەندی جیاوازی نمرەکانی تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی بەدەستهێنانی چەمکە ڕێزمانییەکان لای خوێندکارانی گروپی ئەزمونی و گروپی کۆنترۆڵکراو

| گروپ | ژمارە | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەهای (t-Test) ئەژمارکراو | بەهای (t-Test) خشتەیی | نمرەی ئازاد | ئاستی بەڵگەداری (٠,٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەزمونی | ٢١ | ٧,١٠ | ٢,٨٠٩ | ٤,٧٩٣ | ٢,٠٢١ | ٤٠ | بەڵگەدارە |
| کۆنترۆڵکراو | ٢١ | ٢,٨٦ | ٢,٩٢٠ | | | | |

بەپێی زانیارییەکانی خشتەی (١١) دەردەکەوێت، بەهای (t) ئەژمارکراو یەکسانە بە (٤,٧٩٣) گەورەترە لە بەهای خشتەیی (٢,٠٢١) بە نمرەی ئازادی (٤٠) لە ئاستی بەڵگەداری (٠,٠٥) ئەوەش بەواتای بونی جیاوازی لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی قوتابیان لە تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی لە بەدەستهێنانی چەمکە ڕێزمانییەکانی قوتابیانی گروپی ئەزمونی بەراورد بە قوتابییانی گروپی کۆنترۆڵکراو لەبەرژەوەندی گروپی ئەزمونیدایە، کە وانەکانیان پشت بەست

بە ستراتیژی پێشنیازکراو دەخوێند، بەم شێوەیە گریمانەی سفری ڕەتدەکرێتەوە و گریمانەی جێگرەوە پەسەند دەکرێت، بەو شێوەیەی ئەنجامەکان لە شێوەی (١) خراوەتەڕو.




شێوەی (١) بەراوردی بەهای (T)ئەژمارکراو خشتەیی بۆ جیاوازی نمرەکانی تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی بەدەستهێنانی چەمکە ڕێزمانییەکان لای قوتابییانی گروپی ئەزمونی وکۆنترۆڵکراو

بەمەبەستی زانینی قەبارەی کاریگەری گۆڕاوی سەربەخۆ (ستراتیژی پێشنیازکراو) لەسەر گۆڕاوی پاشکۆ (بەدەستهێنانی چەمکە ڕێزمانییەکان)، توێژەر پێوانەی تایبەتی بەکارهێناوە بۆ دڵنیابونەوە لە جیاوازی قەبارەی بەدەستهاتو، دوای بەکارهێنانی (T. test) ئەو جیاوازییە دەگەڕێتەوە بۆ گۆڕاوی سەربەخۆ، پاشان گۆڕینی بەهای (T. test) بۆ بەهای هاوکۆلکەی ئیتا ($n^2$) کە تایبەتە بەدۆزینەوەی قەبارەی کاریگەری، ئاماژەیە بۆ قەبارەی ئەو کاریگەرییە بڕوانە خشتەی ژمارە (١١).

خشتەی (١١) قەبارەی کاریگەری گۆڕاوە سەربەخۆکە لەسەر بەدەستهێنانی چەمکەڕێزمانیەکان لە نێوان هەردو گروپی ئەزمونی و کۆنترۆڵکراو

| بۆ دەرخستنی قەبارە | ناوەندە ژمێرەیی | بەهای (T) | بەهای ($n^2$)(Eta-Square) | قەبارەی کاریگەری |
|---|---|---|---|---|
| تاقیکردنەوەی بەدەستهێنانی چەمکە ڕێزمانییەکان | ٧,١٠<br>٢,٨٦ | ٤,٧٩٣ | ٠,٣٦٥ | بەرزە |

بەپێ زانیارییەکانی خشتەی (١٢) دەردەکەوێت، کە قەبارەی کاریگەری بەدەستهاتوی چەمکە ڕێزمانییەکان، بریتییە لە (٠،٣٦٥) گەورەترە لە بەهای پێوەری کە بریتییە لە (٠،٠١٤)،کە ئەمەش ئاستێکی بەرزە بەپێی ئاستەکانی هاوکۆلکەی ($n^2$)(Eta-Square) بۆزیاتر ڕونکردنەوەی بەهای پێوانەیی قەبارەی کاریگەریی بڕوانە خشتەی ژمارە (١٢).

خشتەی (١٢)ئاستی بەهای قەبارەی کاریگەری پێوەری بۆ ئیتای دوجا (**Eta Square**).

| جۆری پێوەر | ئاستەکانی قەبارەی کاریگەری ($n^2$)(Eta-Square) بەپێی بەهاکانیان | | |
|---|---|---|---|
| | نزم | مامناوەند | بەرز |
| **($n^2$) Eta Square** | ٠,٠١ | ٠،٠٦ | ٠,١٤ |

بەمەبەستی زانینی قەبارەی کاریگەری گۆڕاوی سەربەخۆ، کە بریتییە لە ستراتیژی پێشنیازکراو. لەسەر گۆڕاوی پاشکۆ، کە بریتییە لە بەدەستهێنانی چەمکە ڕێزمانییەکان، لە بابەتی ڕێزمانی کوردی لە نێوان قوتابیانی هەردو گروپی ئەزمونی و کۆنترۆڵکراو، توێژەر پێوانەی تایبەتی بەکارهێناوە بۆ دڵنیابونەوە لە جیاوازی قەبارەی بەدەستهاتو،، دوای بەکارهێنانی (T-test)ئەو جیاوازییە دەگەڕێتەوە بۆ گۆڕاوی سەربەخۆ، پاشان بە گۆڕینی بەهای (T-test) بۆ بەهای کۆهن (d) کە تایبەتە بەدۆزینەوەی قەبارەی کاریگەری، ئاماژەیە بۆ قەبارەی ئەو کاریگەرییە بڕوانە خشتەی ژمارە (١٣).

خشتەی (١٣) قەبارەی کاریگەری جیاوازی تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی بەدەستهێنانی چەمکە ڕێزمانییەکان بۆ قوتابییانی گروپی ئەزمونی

| گروپ | تاقیکردنەوە | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەهای کاریگەری هەژمارکراو | قەبارەی کاریگەری |
|---|---|---|---|---|---|
| ئەزمونی | پێشەکی | ١٢,٧٦ | ٢,٥٨٧ | ١,٥٥٠ | بەرزە |
| | پاشەکی | ١٩,٨٦ | ٣,١٠٣ | | |

بەپێ زانیارییەکانی خشتەی (١٣) دەردەکەوێت، کە قەبارەی کاریگەری بەدەستهاتوی چەمکە ڕێزمانییەکان، بریتییە لە (١,٥٥٠)، گەورەترە لەبەهای پێوەری (٠،٠٨) کە ئەمەش ئاســـتێکی بەرزە بەپێی ئاســـتەکانی کۆهن (d) بۆزیاتر ڕونکردنەوەی بەهای پێوانەیی قەبارەی کاریگەریی بڕوانە خشتەی ژمارە (١٤).

خشتەی (١٤)بەهای پێوانەکردن بۆ قەبارەی کاریگەری بەپێی لێکدانەوەی (Cohen’s d)

| جۆری پێوەر | ئاستەکانی قەبارەی کاریگەری کۆهن (d) بەپێی بەهاکانیان | | |
|---|---|---|---|
| | نزم | مامناوەند | بەرز |
| کۆهن (d) | ٠,٢ | ٠,٥ | ٠,٨ |

٢- خستنەڕوی ئەنجامی گریمانەی دووەم

دەقەکەی بەم شێوەیەیە: جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی (٠,٠٥) نییە لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی (جیاوازی نمرەکانی هەردو تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی) لەسەر پێوەری ئاراستە بەرامبەر بابەتی ڕێزمانی کوردی لە نێوان گروپی ئەزمونی، کە وانەکان پشت بەست بە ستراتیژی پێشنیازکراو دەخوێنن و گروپی کۆنترۆڵکراو کە وانەکان بەرێگای ئاسایی دەخوێنن.

بۆ دڵنیابون لە ڕاستی و دروستی ئەم گریمانەیە، توێژەر تاقیکردنەوەی (T. test) بۆ دو نمونەی پەیوەندیدار بەکارهێنا، ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەری و بەهای (T)ی ئەژمارکراو بۆ گروپی ئەزمونی بەو شێوەیەی، کە لە خشتەی (١٥) خراوەتە ڕو.

خشتەی (١٥)ئەنجامی تاقیکردنەوەی (T-test) لە نێوان ناوەندی جیاوازی نمرەکانی تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی ئاراستەی قوتابیانی گروپی ئەزمونی و گروپی کۆنترۆڵکراو بەرەو بابەتی ڕێزمانی کوردی

| گروپ | ژمارە | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەهای (T-test) | | نمرەی ئازاد | ئاستی بەڵگەداری (٠,٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | ئەژمارکراو | خشتەیی | | |
| ئەزمونی | ٢١ | ١٤,٥٢ | ١٠,٩٨٩ | ٢,٨٤١ | ٢,٠٢١ | ٤٠ | بەڵگەدارە |
| کۆنترۆڵکراو | ٢١ | ٦,٧١ | ٦,١٥٧ | | | | |

بەپێی زانیارییەکانی خشتەی (١٤) دەردەکەوێت، بەهای (T) ئەژمارکراو یەکسانە بە (٢,٨٤١) گەورەترە لە بەهای خشتەیی (٢,٠٢١) بە نمرەی ئازادی (٤٠) لە ئاستی بەڵگەداری (٠,٠٥) ئەوەش بەواتای بونی جیاوازی لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی قوتابیان لە تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی دەربارەی ئاراستەی قوتابیانی گروپی ئەزمونی بەراورد بە قوتابییانی گروپی کۆنترۆڵکراو لەبەرژەوەندی گروپی ئەزمونیدایە، کە وانەکانیان پشت بەست بە ستراتیژی پێشنیازکراو دەخوێند، بەم شێوەیە گریمانەی سفری ڕەتدەکرێتەوە و گریمانەی جێگرەوە پەسەند دەکرێت، بەو شێوەیەی ئەنجامەکان لە شێوەی (٢) خراوەتەڕو.



شێوەی (٢) بەراوردی بەهای (T) ئەژمارکراو خشتەیی بۆ جیاوازی نمرەکانی تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی کارامەیی بیرکردنەوەی نزیککراوەی خوێندکارانی گروپی ئەزمونی و کۆنترۆڵکراو

بەمەبەستی زانینی قەبارەی کاریگەری گۆڕاوی سەربەخۆ(ستراتیژی پێشنیازکراو) لەسەر گۆڕاوی پاشکۆ(ئاراستەی قوتابییان بەرەوە بابەتی ڕێزمانی کوردی)، توێژەی پێوانەی تایبەتی بەکارهێناوە بۆ دڵنیابونەوە لە جیاوازی قەبارەی بەدەستهاتو، دوای بەکارهێنانی (T. test) ئەو جیاوازییە دەگەڕێتەوە بۆ گۆڕاوی سەربەخۆ، پاشان گۆڕینی بەهای ( T. test) بۆ هاوکۆلکەی ئیتا ($n^2$) کە تایبەتە بەدۆزینەوەی قەبارەی کاریگەری، ئاماژەیە بۆ قەبارەی ئەو کاریگەرییە بڕوانە خشتەی ژمارە (١٦).

خشتەی ژمارە (١٦) قەبارەی کاریگەری گۆڕاوە سەربەخۆکە بۆ ئاراستەی قوتابییان بەرەو بابەتی ڕێزمانی کوردی لە نێوان هەردو گروپی ئەزمونی و کۆنترۆڵکراو

| بۆ دەرخستنی قەبارە | ناوەندە ژمێرەیی | بەهای (T) | بەهای ($n^2$)(Eta-Square) | قەبارەی کاریگەری |
|---|---|---|---|---|
| ئاراستەی قوتابییان بەرەو بابەتی ڕێزمانی کوردی | ١٤,٥٢ | ٢,٨٤١ | ٠,١٦٨ | بەرزە |
| | ٦,٧١ | | | |

بەپێ زانیارییەکانی خشتەی (١٥) دەردەکەوێت، کە قەبارەی کاریگەری بەدەستهاتوی ئارستەی قوتابییانی گروپی کۆنترۆڵکراو بەرەو بابەتی ڕێزمانی کوردی بریتییە لە (٠,١٦٨) گەورەترە لە بەهای پێوەری (٠،٠١٤)، کە ئەمەش ئاستێکی بەرزە بەپێی ئاستەکانی هاوکۆلکەی($n^2$)(Eta-Square) بۆ زیاتر ڕونکردنەوەی بەهای پێوانەیی قەبارەی کاریگەریی بڕوانە خشتەی ژمارە (12).

## بەشی پێنجەم: دەرئەنجام و ڕاسپاردەو پێشنیازەکان

### دەرئەنجامەکان

١- بەکارهێنانی ستراتیژی پێشنیازکراو پشت بەست بەتیۆری بونیادگەری لەسەر بەدەستهێنانی چەمکە ڕێزمانییەکان لەبابەتی ڕێزمانی کوردی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی، کارایی بەرچاوی هەیە لەبەدەستهێنان و مانەوەی چەمکە ڕێزمانییەکان لای قوتابییان بە بەراورد بەڕێگای ئاسایی وانەوتنەوە.

٢- سەلماندنی کارایی ستراتیژی پێشنیازکراو پشت بەست بەتیۆری بونیادگەری لە پەرەپێدانی حەزو ئاراستەکردنی قوتابییان بەرەو بابەتی ڕێزمانی کوردی لای قوتابییان بە بەراورد بەڕێگای ئاسایی وانەوتنەوە.

٣- ستراتیژی پێشنیازکراو شێوازێکی نوێی فێرکردنە، فاکتەرێکی کاریگەرە بۆ هاندانی قوتابییان و ڕەخساندنی کەشێکی پەروەردەیی گونجاو لە پۆلدا، ئەمەش هۆگری قوتابییان و ئاراستەیان بەرەو بابەتەکە زیاد دەکات.

### ڕاسپاردە

١- بەکارهێنانی ستراتیژی پێشنیازکراوی پشت بەست بەتیۆری بونیادگەری لەلایەن مامۆستایانی زمانی کوردی، لە وتنەوەی بابەتی زمانی کوردی بەتایبەت ڕێزمانی کوردی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی.

٢- ئاشناکردنی مامۆستایان بە ستراتیژی پێشنیازکراوی پشت بەست بەتیۆری بونیادگەری لەلایەن دامەزراوە پەروەردەییەکان و مەشق و ڕاهێنان و مامۆستایانی ڕاهێنەرەوە، بەکردنەوەی خول و وۆرکشۆپەکانی پەرەپێدانی توانا پیشەیی و فێرکارییەکانیان.

٣- جەخت کردنەوەی هاوڕێی ڕەخنەگری قوتابخانە (سەرپەرشتیاری پەروەردەیی) و مامۆستایانی ڕاهێنەر لەسەر گرنگی بەکارهێنانی (ستراتیژی پێشنیازکراو) لەوانەوتنەوەدا لەلایەن مامۆستایانەوە لەپێناو زیادکردنی حەزو ئاڕاستەی قوتابییان بەرەو بابەتی وانەکان.

٤- پێویستە مامۆستایانی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، گرنگی بدەن بە دانانی ستراتیژەکانی فێربونی چالاک لەنێویاندا (ستراتیژی پێشنیازکراو) لەناو کۆرس بوک و پرۆگرامی ئەو مامۆستایانەی ڕێگاکانی وانەوتنەوە دەڵێنەوە

**پێشنیازەکان**

توێژەر ئەم ناونیشانانەی خوارەوە بۆ توێژەران و خوێندکارانی خوێندنی باڵا پێشنیاز دەکات بۆ ئەوەی لەداهاتودا توێژینەوەیان لەسەر بکرێت:

١-ئەنجامدانی توێژینەوەیەک بەناونیشانی: کاریگەری بەکارهێنانی ستراتیژی پێشنیازکراوی پشت بەست بەتیۆری بونیادگەری لە سەر بەدەستهێنانی چەمکە ڕێزمانییەکان و ئاڕاستەیان دەربارەی بابەتەکە لای قوتابییانی پۆلی یازدەی ئامادەیی.

٢- کاریگەری بەکارهێنانی ستراتیژی پێشنیازکراوی پشت بەست بەتیۆری بونیادگەری لە سەر دەستکەوتی خوێندکارانی زانکۆ و ئاڕاستەیان بەرەو بابەنی زمانی کوردی.

٣- ئەنجامدانی توێژینەوەی هاوشێوە بۆ وەرگرتنی گۆڕاوی ڕەگەز بەمەبەستی بەراوردکردنی نێوان (کوڕ و کچ) لەپێناو دیاریکردنی ئاڕاستەیان بەرەو بابەتی خوێندن بەتایبەت ڕێزمانی کوردی.

## سەرچاوەکان


Press/ france: *Attitudes In C. Murchison (Ed.),A handbook of social psychology.* Allport, G. W. Worcester, MA: Clark University Press, 1935.

.١٩٩١ *Active learning Creating Excitement in the Classroom.* Bonwell, and, Eison.

Sillamy, N,. *Dictionnaire de Psychology.* Paris: Larouse Bordas, 1999.

ابراهيم ١, عبدالرزاق جميل. *فاعلية أنموذجي (ياكر) و (آدي شاير) في اكتساب المفاهيم النحوية لدى طلاب السف الثاني المتوسط واتجاهاتهم نحو مادة النحو.* بغداد: كلية التربية - جامعة المستنصرية / رسالة دكتوراه, ٢٠٢٠.

ابوالحاج, سها احمد, و حسن خليل المصالحة. *استراتيجييات التعلم النشط انشطة و تطبيقات عملية.* دبي _ الامارات العربية المتحدة: مركز ديبونو لتعليم التفكير, ٢٠١٦.

احمد, دارا عبدالرحمن. *کاریگەری پرۆگرامێکی پێشنیازکراو لەسەر گەشەکردنی لێهاتویی خوێندکارانی بەشی پەروەردەی هونەر لەبابەتی ڕەخنەو چێژی هونەردا ئاڕاستەکەیان لەبەرامبەریدا.* سلێمانی: سکوڵی پەروەردەی بنەڕەت/ زانکۆی سلێمانی, ٢٠١٥.

إسماعیل, سەروەر رحمان. *(ئاڕاستەی مامۆستایان بۆ پەروەردەی سێکسی و پەوەندی بە هۆشیاری خود)ەوە.* کۆیە: فاکەڵتی پەروەردە/ زانکۆی کۆیە, ٢٠٢٣.

البحراوي, فتحى مبروک عبدالحمد. *تشخيص ضعف التلاميذ في المفاهيم النحوية وعلاجه.* مصر: كلية التربية, جامعة المنوفية, ١٩٩٨.

البرزنجي, نرمين علي محمد. *کاریگەری ئاوێتەکردنی هەندێک لە ستراتیژەکانی فێربوونی کارا لە وتنەوەی بابەتی مێژوو لەسەر دەستکەوتی خوێندکارانی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی.* سلێمانی: کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت/زانکۆی سلێمانی, ٢٠٢٢.

البهرزي, علاء شاكر محمود. *تحليل التفاعل بين المدرس وطلبته في مواد الفنية العملية في قسم التربية الفنية*. بغداد: كلية الفنون الجميلة- جامعة بغداد، رسالة ماجستير غير منشورة, ١٩٨٩.

الجابري, كاضم رضا, و شيرين على رحم. *علم النفس التربوي*. القاهرة - مصر: الشركة العربية المتعدة للتسوق والتوربدات, ٢٠١٧.

الجابري١, كاظم كريم رضاء. *مناهج البحث في التربية وعلم النفس ، طبعة الاولى*. بغداد: دار النعيمي, ٢٠١١.

الحريري, رافدة. *التخطيط الاستراتيجية في المنظومة المدرسة*. عمان: دار الفكر, ٢٠٠٧.

الخفاجي, رائد ادريس محمد, و عبدالله مجيد حميد العتابي. *الوسائل الاحصائية في البحوث التربوية والنفسية، ط١*. عمان: دار دجلة للنشر والتوزيع, ٢٠١٥.

الخفاجي, رائد ادريس محمود, و أخرون. *النظيرية البنائية مستقبل التعلم في القرن الحاي والعشرون نماذج واستراتيجيات*. عمان: دار أمجد للنشر والتوزيع, ٢٠٢٣.

الدليمي, احسان عليوي, و عدنان المهداوي. *القياس والتقويم في العملية التعليمية،ط٢*. العراق: مكتب احمد الدباغ, ٢٠٠٥.

الزويني, ابتسام. *القياس والتقويم*. بابل: كلية التربية - جامعة بابل, ٢٠١٤.

الطبية, احمد عبدالسميع. *مبادى الاحصاء، ط١*. عمان - الاردن: دار البدائية للنشر والتوزيع, ٢٠٠٨.

الفقي, عبدالسلام ابراهيم. *الاحصاء التطبيقي باستخدام برنامج spss.* عمان - الاردن: دار الثقافة للنشر والتوزيع, ٢٠١٤.

القيسي, رؤوف٢ محمود. *علم النفس التربوية*. عمان - الاردن: دار الدجلة للنشر والتوزيع, ٢٠٠٧.

الكريطي, رياض كاظم. *مدي اكتساب طلبة الصف الخامس الآردني للمفاهيم التاريخيية*. الآردن: جامعة بابل - كلية التربية الآساسية (رسالة ماجستير غير منشورة), ٢٠٠٥.

المحاسنة, إبراهيم محمد, و عبدالحكيم علي مهيدان. *التقويم الواقعى*. عمان- الاردن: دار جرير للنشر والتوزيع, ٢٠٠٩.

المحمدي, عبدالرؤوف محاولات تيسير النحويةومواجهة الضعف الاعرابي،. *مجلة لغة - كلام مختبر اللغة والتوصيل، المركز الجامعي غليزان الجرائر*, ٢٠٢١: ٧ العدد ٣.

المخزومي, ناصر. *إتجاهات المعلمين في أقليم جنوبي الاردن نحو اللة العربية وتدريسها في ضوء خبراتهم وجنسهم*. بابل - الآردن: كلية العلوم التربوية - جامعة بابل, ٢٠٠١.

المشيقع, محمد بن سليمان. *تقنيات التعليم واستخدام اسلوب النظم في تصميم التعليم*. القاهرة: كلية تربية - جامعة عين شمس, ١٩٨٩.

الناشف, هدي محمد. *إستراتيجيات التعلم والتعليم في الطفولة المبكرة*. عمان: دار الفكر العربي, ١٩٩٣.

النجدي, احمد, و اخرون. *اتجاهات حديثة في تعليم العلوم في ضوء المعايير وتنمية التفكير والنظرية البنائية*. القاهرة: دار الفكر العربى, ٢٠٠٥.

أمل بنت عبدالله على الشهراني. *أثر أنموذج مكارثي في تدريس العلومعلى اكتساب المفاهيم العلمية و الاتجاه نحو المادة لدى طالبات الصف الثاني المتوسط*. السعودية: كلية التربية- جامعة الملك خالد- المملكة العربية السعودية، ٢٠١٩.

بۆكانی, سابیر. *میتۆدی توێژینەوەی زانستی، چ ٢*. سلێمانی: چاپخانەی چوارچرا, ٢٠٢٠.

داخل, سماء تركى. *أثر أنموذج كارين في اكتساب المفاهيم النحوية والتفكير ألتباعدي عند طلاب الصف الرابع الاعدادي*. بغداد: كلية ابن رشد- جامعة بغداد / أطروحة دكتوراه غير منشورة, ٢٠١١.

زيتون, حسن حسين. *عالم الكتب سلسلة اصول التدريس*. مصر: جامعة طنطة/ كلية التربية, ٢٠٠١.

زيتون١, كمال عبدالحميد. *التدريس ونمانجة و مهارات*. القاهر/ مصر: عالم الكتب للنشر والتوزيع, ٢٠٠٩.

سعادة, جودت احمد, و واخرون. *التعلم النشط بين النظرية والتطبيق*. عمان: دار الشروق, ٢٠١١.

سيف, على اكبر. *دەروونناسی پەروەردەیی، دەروونناسی فێربوون و فێرکاری، بەرگی دووەم*. سلێمانی: چاپخانەی تاران, ٢٠٢٢.

شحاته, حسن, و النجار زينب. *معجم المصطلحات التربوية والنفسية*. مصر: الدار المصرية البنانية, ٢٠٠٣.

شربل, موريس. *التطور المعرفي عند جان بياجة*. بيروت: المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر, ١٩٨٦.

شواهين, خير سليمان. *توجيهات حديثة في القياس والتقويم التربوي،ط١*. عمان- الاردن: عالم الكتب الحديثة للنسر والتوزيع, ٢٠١٨.

عارف, كارزان محمد. *أثر برنامج تعليمي متعدد الوسائط في تحصيل طلبة المرحلة الآولى في قسم العلوم الآجتماعية في مادة الجغرافية الطبيعية و إتجاهاتهم نحوه*. هەولێر: زانکۆی سەلاحەدین/ کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت, ٢٠١٤.

عبدالصاحب, اقبال مطشر, و اشواق نصيف جاسم. *ماهية المفاهيم واساليب تصحيح المفاهيم المعطوء*. عمان – الاردن: دار صفاء للنشر والتوزيع, ٢٠١٢.

عبدالفتاح, عزة خليل. *المفاهيم والمهارات العلمية والرياضية في الطفولة المبكرة*. القاهرة – مصر: دار الفكر العربية, ٢٠٠٩.

عبيد, ماجدة السيد. *مناهج وأساليب تدريس ذو الحاجات الخاصة*. عمان، الاردن: دار صفاء للنشر والتوزيع, ٢٠٠١.

عصر, حسني عبدالباري. *الاتجاهات الحديثة لتدريس اللغة العربية في المرحلتين الإعدادية ةالثانوية*. قاهرة، مصر: مركز إسكندرية للكتاب, ٢٠٠٥.

عەبدولرەحمان, ڕازاو معیەدین. *بەکارهێنانی ستراتیژییەکانی دۆزینەوەی ئاڕاستەکراو لەگوتنەوەی خوێندنەوەداو کاریگەری لەگەشەپێدانی کارامەییەکانی تێگەیشتن لە خوێندنەوەداو ئاڕاستەکردن بەرەو خوێندنەوە لەزمانی کوردیدا*. هەولێر: کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت - زانکۆی سەلاحەدین / نامەی ماستەر, ٢٠١٤.

غنيم, محمد عبدالسلام. *مبادئ القياس والتقويم النفسي والتربوي*. قاهرة – مصر: مكتبة يوسف الرميض للنشر والتوزيع, ٢٠٠٤.

فخري, أثير رعد. *أثر أنموذج ويتلى في اكتساب المفاهيم النحوية عند طالبات الآول المتوسط*. بغداد: كلية ابن رشد- جامعة بخداد/ رسالة ماجستير غير منشورة , ٢٠١٢.

فهمى, فاروق, و منى عبدالصبور. *المدخل المنظومي في مواجهة التحديات التربوية المعاصرة والمستقبلية*. القاهرة – مصر: دار المعارف, ٢٠٠١.

قادر, ڕەمەزان حەمەدەمین. *ستراتیجەکانی فێربوونی چالاک*. سلێمانی: چاپخانەی تاران, ٢٠٢٣.

محمود, ايمان محمد. *طرق التدريس*. عمان, ٢٠١٠.

مرعي, توفيق, و احمد بلقيس. *الميسر في علم النفس الاجتماعي، ط٢*. عمان: دار الفرقان, ١٩٨٤.

مصطفى, کەنعان اسماعیل عبدالله. *کاریگەری کورسی گەرم لەسەر دەستهات لای خوێندکارانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی و ئاڕاستەیان دەربارەی بابەتی کومەڵایەتی.* سلێمانی: زانکۆی سلێمانی/ کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت, ٢٠٢٣.

ملحم, سامي محمد. *مناهج البحث في التربية و علم النفس.* عمان- الاردن: دار المسيرة للنشر والتوزيع و الطباعة, ٢٠١١.

مۆلی, ئەحمەد عبدولکەریم. *کاریگەری ستراتیژییەتی پرسیار گۆڕینەوەی ئاڕاستەکراو لەسەر دەستهێنانی چەمکە ڕێزمانییەکانی بابەتی خوێندنەوەو ئەدەبی کوردی لای فێرخوازانی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی و ئاڕاستەیان بەرەو بابەتەکە.* بەغداد: زانکۆی بەغداد/ گۆلیژی ئیبن ڕوشد, ٢٠٢٣.

نامق, زاگرۆس قادر. *کاریگەری نمونەی فێربوونی هەڵوێستی دوولایەنە لەڕاستکردنەوەی هەڵەتێگەیشتنی فێرخوازان لەچەمکەکانی ڕێزمانی کوردی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی.* بەغداد: زانکۆی بەغداد/ کۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕوشد, ٢٠٢٢.